مجلة فصلية محكمة تصدرها كلية
التربية للعلوم الإنسانية ـ جامعة كركوك

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

مجلة فصلية صادرة من
كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك
Issn 1992 - 1179
العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001
رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

**المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025**

**مجلة فصلية صادرة من كلية التربية للعلوم الإنسانية**
**جامعة كركوك**

**ISSN 1992 - 1179**

**العنوان البريدي**
**العراق/ كركوك/ جامعة كركوك**
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001
رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009

**E. mail**
**kujhs@uokirkuk.edu.iq**

**رئيس التحرير**
**الأستاذ الدكتور**
**مراد إسماعيل أحمد**

**29 تموز 2025**

## أعضاء هيئة التحرير

| ت | الاسم | اللقب العلمي | البلد | الاختصاص | مكان العمل | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | د. مراد إسماعيل احمد | أستاذ | العراق | الجغرافية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | رئيس هيئة التحرير |
| 2 | د. حيدر عادل محمد | مدرس | العراق | اللغة التركية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | مدير هيئة التحرير |
| 3 | د. مشاري عبد العزيز محمد الموسى | استاذ | الكويت | اللغة العربية | جامعة الكويت كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 4 | د. سيد صادق عوض الله احمد | استاذ | مملكة البحرين | اللغة الإنكليزية | جامعة البحرين كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 5 | د. نازان توتاش | أستاذ | تركيا | اللغة الإنكليزية | جامعة انقرة كلية اللغات | عضو هيئة تحرير دولي |
| 6 | د. فهد عباس سليمان | أستاذ | العراق | التاريخ | جامعة كركوك كلية التربية للبنات | عضو هيئة هيئة تحرير |
| 7 | د. نور الله جتين | استاذ | تركيا | اللغة التركية | جامعة انقرة كلية اللغات | عضو هيئة تحرير دولي |
| 8 | د. كمال عبد الله حسن | استاذ | العراق | الجغرافية | جامعة الانبار كلية الاداب | عضو هيئة تحرير |
| 9 | د. زانيار فائق سعيد | استاذ | العراق | اللغة الانكليزية | جامعة السليمانية | عضو هيئة تحرير |
| 10 | د. جنار عبد القادر احمد | أستاذ | العراق | علوم تربوية ونفسية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 11 | د. دلال علي سليمان زريقات | استاذ | الأردن | الجغرافية | الجامعة الأردنية كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 12 | د. ياسر محمد طاهر | أستاذ | العراق | طرائق التدريس | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الصرفة | عضو هيئة تحرير |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 13 | د. كاروان عمر قادر | استاذ | العراق | اللغة الكوردية | جامعة السليمانية كلية اللغات | عضو هيئة تحرير |
| 14 | د. عصام مصطفى عبد الهادي عقلة | أستاذ مشارك | الامارات | التاريخ | جامعة خورفكان كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 15 | د. ابراهيم بن يحيى بن زهران البوسعيدي | أستاذ مشارك | سلطنة عمان | التاريخ | جامعة السلطان قابوس كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 16 | د. نزيه إبراهيم المناسية البطوش | استاذ | الاردن | الجغرافية | الجامعة الأردنية | عضو هيئة تحرير دولي |
| 17 | د.خالصة الغباري | أستاذ مساعد | سلطنة عمان | اللغة الإنكليزية | جامعة السلطان قابوس كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 18 | د. مهدي قيس عبد الكريم الجنابي | أستاذ مساعد | الامارات | علوم القران | جامعة الشارقة كلية الشريعة والدراسات الإسلامية | عضو هيئة تحرير دولي |
| 19 | د. إسماعيل البر قومسر | أستاذ مساعد | تركيا | اللغة التركية | جامعة دوزجه | عضو هيئة تحرير دولي |
| 20 | د.فارس محمود محمود | أستاذ مشارك | سويسرا | الجغرافية | جامعة بيرن | عضو هيئة تحرير دولي |
| 21 | د. كامل عبد القادر حسين | أستاذ مساعد | العراق | علوم القران | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 22 | د. عز الدين صابر محمد | أستاذ مساعد | العراق | اللغة الكوردية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 23 | د. خالد احمد هواس | أستاذ مساعد | العراق | اللغة العربية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 24 | د. محمد اكبر بور | أستاذ مساعد | ايران | الجغرافية | جامعة ريزا كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 25 | د. علي هادي حسن | أستاذ مساعد | العراق | اللغة العربية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 26 | د. مجيد احميد جدوع الزبيدي | استاذ | العراق | اللغة الإنكليزية | جامعة الانبار كلية الاداب | عضو هيئة تحرير |
| 27 | د. محمد علي شريف | أستاذ مساعد | العراق | اللغة التركية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 28 | د. زينب عصمت صفاء الدين | مدرس | العراق | اللغة الإنكليزية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 29 | د. عماد عبد الله مراد | مدرس | العراق | علوم القران | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |

# مقدمة

يشرفني أن أقدم لكم هذه المقدمة التي تسلط الضوء على الدور الحيوي والمهم للبحوث التي يقدمها الباحثون للمجلة، والتي تسهم بشكل فاعل في تعزيز وتطوير مجالات الدراسات الإنسانية. إن المجلة تهدف إلى توفير منصة علمية رائدة لنشر الأعمال الأكاديمية التي تتناول قضايا حيوية في مختلف فروع العلوم الإنسانية، بما في ذلك الفلسفة، وعلم الاجتماع، والأنثروبولوجيا، وعلم النفس، واللغة، والتاريخ، والفنون، وغيرها.

إن الأبحاث المقدمة للمجلة ليست مجرد نتائج لدراسات علمية، بل هي محطات فكرية تعكس تطور المفاهيم والنظريات في هذه المجالات. تعمل هذه الدراسات على طرح حلول للمشاكل المعاصرة، وفهم الظواهر الإنسانية في سياقاتها المختلفة، كما تساهم في تقديم رؤى جديدة لتطوير المجتمع وتعزيز الوعي الثقافي والعلمي.

إن الدور الكبير لهذه البحوث لا يتوقف عند نشر المعرفة فقط، بل يتعداه إلى تحفيز التفكير النقدي والإبداعي، ودعم الجهود الأكاديمية في بناء قاعدة معرفية متينة تُسهم في تحريك عجلة التغيير والتطور في المجتمعات الإنسانية. ولذلك، فإننا نعتبر هذه البحوث أداة أساسية في تطوير الفكر الإنساني، ودعم المساعي المستمرة لتحسين جودة الحياة البشرية عبر أبعادها المختلفة.

نتطلع في المجلة إلى استقبال مزيد من الدراسات الرصينة التي تثرينا وتوسع آفاقنا العلمية، مؤمنين بأن هذه الإسهامات العلمية هي حجر الزاوية في بناء مستقبل أكثر إشراقاً في مجال الدراسات الإنسانية.

**رئيس هيئة التحرير**

**ا. د. مراد إسماعيل احمد**

**شروط وقواعد النشر في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية**

1. تسلم نسخة الكترونية من البحث عبر الموقع ( https://kujhs.uokirkuk.edu.iq ) تحت برنامج Microsoft Word بصيغة doc او بصيغة dox.
2. يطبع البحث بواسطة الحاسوب بمسافات واحدة بين الأسطر شريطة أن لايزيد عدد صفحاته عن 25 خمس وعشرين صفحة وبواقع (5000 الى 10000 ) كلمة، ونوع الخط Simplified Arabic بما في ذلك الجداول، مع تنسيق محدد مسافة 1.5، خط بحجم 14، على ورق A4. للبحوث الخاصة باللغة العربية، يُكتب البحث بخط (Times New Roman) للغة الإنجليزية و التركية بحجم خط (14) على ورق مقاس(A4). اما بالنسبة اللغة الكوردية فونت كوران Kurdfonts.
3. تقديم سيرة علمية مختصرة للباحث أو الباحثين مرفقة مع البحث وتكون منفصلة.
4. تكتب أسماء الباحثين الثلاثية باللغة العربية والإنجليزية كما تذكر عناوين وظائفهم الحالية ورتبهم العلمية.
5. إقرار من المؤلف يؤكد أن البحث لم يسبق نشره وليس قيد النشر في مجلة أخرى.
6. العناوين الرئيسة والفرعية تستعمل داخل البحث لتقسيم أجزاء البحث حسب أهميتها وبتسلسل منطقي وتشمل العناوين الرئيسة: عنوان البحث، الملخص، الكلمات الدالة، المقدمة، إجراءات البحث، الشرح، الاستنتاج، المراجع.
7. يرفق مع البحث ملخص باللغة العربية وباللغة الإنجليزية على أن لاتزيد كلمات الملخص عن (250) كلمة.
8. تكتب بعد الملخص الكلمات الدالة للبحث.
9. تطبع الجداول والأشكال والخرائط داخل المتن وترقم حسب ورودها في البحث وتزود بعناوين ويشار إلى كل منها بالتسلسل.
10. يجوز نشر البحث إذا كان مستلًا من أطروحة أو رسالة دكتوراه أو ماجستير، بشرط ألا تكون هذه الرسائل منشورة أو مقبولة للنشر، ويجب الإشارة إلى هذا في الصحيفة الأولى وقائمة المراجع، والإفصاح عن ذلك في الإقرار والتعهد.

11. يلتزم الباحث بدفع النفقات المالية المترتبة على إجراءات التقويم في حال طلبه سحب البحث ورغبته عدم متابعة إجراءات النشر.

12. يمنح الباحث مدة أقصاها ثلاثة اشهر لإجراء التعديلات على بحثه إن وجدت ومن حق المجلة بعد ذلك الغاء الملف البحثي تلقائيا في حال تجاوز المدة المذكرة أعلاه.

13. التوثيق ( قائمة المراجع )

أ. يُشترط اتباع أسلوب الكتابة وفقًا لمعايير APA النسخة السابعة (الجمعية الأمريكية لعلم النفس )، ويجب الالتزام بالدقة في الاستشهادات وتنسيق القائمة المرجعية وفقًا لهذه المعايير، لضمان الوضوح والتناسق في تقديم البيانات والمعلومات العلمية.

ب. يشار إلى المراجع في المتن بالاسم الأخير للمؤلف وسنة النشر والصحيفة، مثال: علي عبد عباس العزاوي ( العزاوي، 2008: 214) أو ( العزاوي، 2008).

ت. يجوز في بحوث علوم القرآن والتأريخ الإسلامي توثيق المراجع من خلال تهميش المراجع باستعمال الأرقام المتسلسلة بين قوسين هكذا (1) ، (2) ، (3) وتبين في آخر البحث تفاصيل المراجع حسب تسلسلها وتوضع قبل قائمة المصادر والمراجع.

ث. توثق المصادر والمراجع في قائمة واحدة في نهاية البحث وترتب هجائيا حسب الاسم الأخير للمؤلف مثل:

(اسم العائلة، الاسم الأول للمؤلف، (سنة النشر )، عنوان الكتاب، رقم الطبعة، مدينة النشر، در النشر )، مثال:

شحاذة ، نعمان 2011، التحليل الإحصائي في الجغرافية والعلوم الاجتماعية، عمان – الأردن، دار صفاء للنشر والتوزيع.

ج. أما الدوريات: فيبدأ بذكر الاسم الأخير للمؤلف، ثم بقية الاسم كاملاً، ثم توضع سنة النشر بين حاصرتين. ثم عنوان البحث. ثم اسم المجلة غامق، ثم مكان صدورها، ثم رقم المجلد، ثم رقم العدد، ثم أرقام الصفحات.

14. يستشهد الباحث ببحثين على الأقل منشورين في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

15. عمل استلال للبحث في مركز الحاسبة الصادر من رئاسة الجامعة.

16. على الباحث دفع أجور النشر البالغة: (150.000) مائة الف دينار عراقي واذا زاد عدد الصفحات عن (25) خمس وعشرين صحيفة فسوف يتم استيفاء الأجور بواقع (5.000) خمسة الاف دينار لكل صفحة.

17. تجري هيئة تحرير المجلة التقييم الأولي للبحث، ثم يُعرض على محكّمين من ذوي الخبرة العلمية في مجال التخصص، وتلتزم المجلة بإخطار الباحث بالقرار النهائي بشأن الموافقة على النشر من عدمها على أن يلتزم الباحث بإجراء التعديلات التي قد يطلبها المحكمون من أجل إجازة البحث أو الدراسة للنشر في المجلة.

18. ترسل البحوث وجميع المراسلات المتعلقة بالمجلة الى موقع المجلة.

## فهرست البحوث المنشورة

### بحوث علوم القران


| ت | عنوان البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | آثار الإلحاد المعاصر في حياة المجتمعات وسبل الوقاية منه | تغلب خليل إبراهيم<br>أ. د. محمد خليل إبراهيم | 1-45 |


### بحوث العلوم النفسية و التربوية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | أثر أنموذج التعلم ثنائي الموقف في تحصيل طلاب الصف الخامس الأدبي في مادة القرآن الكريم والتربية الاسلامية وتنمية تفكيرهم المنظومي | م. م علي حسين عبدالله إبراهيم | 46-76 |
| 2 | إثر استراتيجية حوض السمك في تجهيز معلومات طلاب الصف الخامس الأدبي في مادة التاريخ وتنمية تفكيرهم الجانبي | م. د اسماعيل حماش جاسم | 77-113 |


### بحوث الجغرافية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | تأثير السدود على التنمية الريفية المستدامة، دراسة حالة سد شيان، محافظة كرمانشاه، إيران | اثير عزمي<br>ديدار اسود علي<br>طيب طالب حمه خان | 114-141 |

## بحوث التاريخ

| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | **النتاج العلمي لعلماء المغرب العربي والأندلس في حقل التأليف من خلال كتاب وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان لابن خلكان (ت 681هـ/1282م)** | ساهرة فاضل عواد ششو<br>أ. د. عذال إبراهيم حسين | 142-183 |
| 2 | **السياسة البريطانية تجاه مصر 1914-1936 دراسة تاريخية** | م.م مدحت حماش جاسم | 184-211 |
| 3 | **تلوث مياه شط العرب بنفط شركة النفط الانكليزية-الفارسية وانعكاسه على العلاقات العثمانية-البريطانية قبل الحرب العالمية الاولى دراسة من خلال الوثائق** | ا. م. د. عيدان شبيب سليم الصباحي | 863-885 |

## بحوث اللغة التركية

| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | تحليل قصيدة " بيتنا القديم" للشاعرة نسرين أربيل | ايلاف سالار أنور<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 212-236 |
| 2 | دراسة مقارنة بين الأمثال التركية والكردية | م.م. ايمان ازاد صادق | 237-257 |
| 3 | دراسة حول المساهمة التاريخية للسلطان مظفر الدين كوكبورو في أربيل | أيناس سالار أنور<br>د. نازناز به هجه ت توفيق | 258-272 |
| 4 | اللواحق الظرفية في اللغة التركية واللهجة البهدينية للغة الكردي | حلبشيما محمد شريف<br>د. گـۆران صلاح الدين شكر | 273-298 |
| 5 | مقارنة بين الصوامت التركية والتركمانية العراقية اربيل اتموذجا | زينب صديق صابر<br>أ.م.د.حازم برهان نجار | 299-327 |
| 6 | التدهور الاجتماعي والأخلاقي في قصائد رضا چولاك أوغلو | نازناز عدنان سمين<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 328-364 |
| 7 | دراسة اجتماعية وسياسية حول قصة "مجه حمال" لكمال بياتلي | هدى أبراهيم مصطفى<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 365-389 |

## بحوث اللغة العربية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | اثر استراتيجية صندوق الحروف القائمة على التعلم النشط في تنمية مهارات القراءة لدى تلميذات الصف الثاني ابتدائي | م. د. علي احمد حسين حمد السبعاوي | 390–429 |


## بحوث اللغة الانكليزية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | الديستوبية القوطية لفيليب ريدلي: صدمة الطفولة وعالم ما بعد 11 سبتمبر | م.م.آلاء موفق مصطفى الخزرجي | 430–457 |
| 2 | موضوعة الأرض الخراب في قصيدة "العواء" لألين غينسبرغ | ا.م.د حسين كاظم جلاب | 458–472 |

## بحوث اللغة الكردية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | المبادئ الأيديولوجية اللغوية في بنية اللغة الكردية | أ.م. ادريس حمەمراد مجيد<br>أ.د. كاروان عمر قادر | 473-500 |
| 2 | التمرد فى الشعر عبدالله بشيو | احمد صادق خورشيد<br>أ.م.د.عزالدين صابر محمد | 501-524 |
| 3 | (القضايا والإشكاليات الاجتماعية في روايات عطا محمد) | وريا برهان نورى<br>م. د. آشتى حسين عارف | 525-548 |
| 4 | أسباب التشاؤم في أشعار أحمد هردى | أمجد رحمان قادر<br>أ.د. سردار أحمد كردي | 549-582 |
| 5 | معالجة اللغة في معجم عقلي ثنائي اللغة | م. د. باخان سرحد عبدالرحمن<br>م. د. تانيا إسماعيل حمه امين | 583-624 |
| 6 | انعكاس الصراع النفسي في رواية بختيار علي (قصر الطيور الحزينة) | افين عبد القادر خليفه<br>ا.م. كويستان جمال سلام | 625-652 |
| 7 | المدح في الشعر الكردي عند الشيخ رضا الطالباني | جيكر قادر عمر<br>أ.د. سردار أحمد كردي | 653-681 |
| 8 | عنصر المكان و الغرابة في روايتي هيوا قادر (القصر الأحمر و طفل علئ القمر) | ريباز قادر ياسين<br>أ.د. مهدي فاتح عمر | 682-713 |
| 9 | اكتساب اللغة وتعلمها عند الطفل في لهجة السليمانية والهورامية | م . سالم حسن عەزيز<br>ا. د. بەكر عمر على | 714-750 |
| 10 | تعلم اللغة الثانية من خلال الصور الذهنية(اللغة الانجليزية نموذجآ) | آ.د.عبدالواحد مشير محمود<br>د.ڕێژنه سيف الدين حسن | 751-778 |
| 11 | التاريخانية الجديدة" وتطبيقاته في رواية "نيشتمانى سارا" لـ 'ميران ابراهام' | م. كانياو بكر عبدالله<br>ا. د.شنۆ محمد محمود | 779-807 |
| 12 | عملية التسمية في الحفاظ على اللغة الكردية | هيمن محمود قادر<br>ا.م.د. مصطفى رضا مصطفى | 808-862 |

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية (20) العدد الثاني - الجزء الاول - ايلول 2025

Kirkuk University Journal of Humanities Studies

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq

*DOI: 10.32894/1992-1179.2025.161425.1238*

**Date of research received 12/06/2025, Revise date 24/06/2025 and accepted date 01/07/2025**

# Causes of Pessimism in Ahmad Hardi's Poetry

**Amjad Rahman Qadir**

**Prof. Dr. Sardar Ahmad Gardi**

**Abstract:**

This study, entitled "The Causes of Pessimism in Ahmad Hardi's Poetry," is directly related to psychology. The research generally discusses pessimism as a psychological disorder and pessimism in modern literature, examining the causes and emotions that lead to this pattern of thinking. The study addresses the influence of Arab Romanticism and literary groups, particularly poets from the (Mahjar and Apollo) groups, on reinforcing Ahmad Hardi's pessimistic sentiments and the nature of their impact manifested in his poetry. The study particularly emphasizes the causes of pessimism and the type of pessimism evident in his poems.

Pessimism is defined in psychology as a type of pathological mood fluctuation in humans, resulting from self-failure and the constraints and difficulties of life. The individual becomes afflicted with this psychological fluctuation, which often reaches a level where everything is viewed through a pessimistic lens. Some causes are related to the poet's self, while others are connected to his environment. Part of it is also linked to the painful events and tragedies the poet experienced in his personal life, or to the sorrows of his nation and people, as poets are more sensitive than others to pain and the unstable conditions of their surroundings. The poet, being an intellectual of his society, possesses delicate feelings and sensitivities, and unstable conditions along with the failure to reach solutions to existing circumstances leave an impact on his thinking, leading toward despair and pessimism. Our research aims to identify the causes of pessimism in general in Ahmad Hardi's work.

Through analysis and examination of Ahmad Hardi's poetry, we conclude that the conditions of Kurdish society and his failure to reach his beloved were the primary causes of pessimism for the poet, which were extensively reflected in his poems.

**Keywords:** pessimism, emotion and sentiment, psychology, poetry, Ahmed Herdi

# أسباب التشاؤم في أشعار أحمد هردى

أمجد رحمان قادر [1]

أ.د. سردار أحمد كردي [2]

## الملخص

تتناول هذه الدراسة، الموسومة بـ: (أسباب التشاؤم في أشعار أحمد هردي)، بحثاً له صلة مباشرة بعلم النفس. تناولت الدراسة بشكل عام موضوع التشاؤم كمرض نفسي والتشاؤم في الأدب الحديث، والأسباب والمشاعر التي تقود إلى هذا النمط من التفكير. كما تطرقت إلى تأثير الرومانسية العربية والجماعات الأدبية، وخاصة شعراء جماعتي (المهجر وأبولو) في تعزيز المشاعر التشاؤمية لدى أحمد هردي، ونوع تأثيرها المتجلي في أشعاره. وركزت الدراسة بشكل خاص على أسباب التشاؤم ونوع التشاؤم في أشعاره.

يُعرَّف التشاؤم في علم النفس كنوع من التقلبات المزاجية المرضية لدى الإنسان، نتيجة لفشل الذات وضيق الحياة ومصاعبها، حيث يصاب الفرد بهذا التقلب النفسي الذي كثيراً ما يصل إلى مستوى يرى فيه كل شيء بنظرة تشاؤمية. وترتبط بعض الأسباب بذات الشاعر، بينما ترتبط أخرى بمحيطه. كما يرتبط جزء منها بالأحداث والمآسي المؤلمة التي عاشها الشاعر في حياته الخاصة، أو بآلام أمته وشعبه، إذ أن الشعراء أكثر من غيرهم إحساساً بالألم وأحوال عدم الاستقرار في محيطهم. فالشاعر كونه مثقف مجتمعه يمتلك حساً ومشاعر رقيقة، والأوضاع غير المستقرة وعدم الوصول إلى حلول للأوضاع القائمة تترك تأثيراً على تفكيره متجهة نحو اليأس والتشاؤم. تهدف دراستنا إلى تحديد أسباب التشاؤم بشكل عام لدى أحمد هردي.

من خلال تحليل ودراسة أشعار أحمد هردي، نخلص إلى أن أحوال المجتمع الكردي وعدم الوصول إلى محبوبته كانا السبب الرئيسي للتشاؤم لدى الشاعر، وقد انعكس ذلك بشكل واسع في أشعاره.

**الكلمات المفتاحية:** التشاؤم، المشاعر والعواطف، النفسية، الشعر، أحمد هردي

# هۆکارەکانی ڕەشبینی لە شیعرەکانی ئەحمەد هەردی دا

پ.د.سەردار ئەحمەد گەردی [2]　　امجد رحمان قادر [1]

[1] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی مەخموور ، زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،هەرێمی کوردستان ،عێراق.

[2] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،هەرێمی کوردستان ،عێراق.

## پوختە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە لە ژێر ناونیشانی: (هۆکارەکانی ڕەشبینی لە شیعرەکانی ئەحمەد هەردی)دا، توێژینەوەکە پەیوەندی راستەخۆی بە دەروونناسیەوە هەیە. بە شێوەکی گشتی باسی ڕەشبینی کراوە وەکو نەخۆشیەکی دەروونی و ڕەشبینی لە ئەدەبی نوێدا، هۆکارو ئەو هەست

[1] جامعة صلاح الدين، كلية التربية مخمور، قسم اللغة الكردية، أربيل amjad.qadir@su.edu.krd

[2] جامعة صلاح الدين، كلية التربية أربيل، قسم اللغة الكردية، أربيل ك، dr.sardargardy@gmail.com

سۆزەی بەرەو ئەو بیرکردنەوەیان دەبات. باسی کاریگەری ڕۆمانسیزمی عەرەبی و کۆمەڵە ئەدەبیەکان کراوە بەتایبەتی شاعیرانی کۆمەڵەی (مەهجەر و ئەپۆلۆ) لە برەودان بە هەستە ڕەشبینیەکەی ئەحمەد هەردی، جۆری کاریگەریەکەی لە شیعرەکانیدا خراوەتە ڕوو. بەتایبەتیش جەخت لەسەر هۆکارەکانی ڕەشبینی و جۆری ڕەشبینیەکەی کراوەتەوە لە شیعرەکانیدا .

ڕەشبینی لە دەروونناسییدا جۆرێکە لە هەڵاوسانی شێتگیرانە لە مرۆڤدا ، لە ئەنجامی شکستی خودی و تەنگ و چەڵەمەی ژیان ، تاک تووشی دەبێت ،کە زۆرجار ئەم هەڵاوسانە دەروونییە دەگاتە ئاستێک، هەموو شتێک بە چاوێکی ڕەشبینانە دەبینێت ، کە هەندێ هۆکار پەیوەندی بە خودی شاعیرەوە هەیە و هەندێکی تر پەیوەندی بە دەوروبەرەکەیەوە هەیە. بەشێکیشی پەیوەستە بەو ڕووداو کارەساتە ناخۆشانەی شاعیر لە ژیانی تایبەتی خۆی و یان خەمی میللەت و گەلەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە ، چونکە شاعیران لە هەموو کەس زیاتر هەست بە ئێش و دۆخی ناهەمواری دەوروبەرەکەیان دەکەن، شاعیر وەکو کەسێکی ڕۆشەنبیری کۆمەڵگاکەی خاوەن هەست و سۆزێکی ناسکەو باردۆخە ناهەموارەکان و نەگەیشتنە چارەسەری دۆخەکە ، کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی جێدەهێڵن بەرەو نائومێدی و ڕەشبینی دەبەن. توێژینەوەکەمان ئامانجی ئەوەیە هۆکارەکانی ڕەشبینی بە شێوەیەکی گشتی لای ئەحمەد هەردی دیاری بکات.

لە لێکدانەوەو شیکردنەوەی شیعرەکانی ئەحمەد هەردی دەگەین بەو ئەنجامەی کە بارودۆخی کۆمەلگەی کوردی و نەگەیشتن بە خۆشەویستەکەی هۆکاری سەرەکی ڕەشبینی بووە لە لای شاعیر و بە شێوەیەکی فراوان لە شیعرەکانی ڕەنگیداوەتەوە.

**كليله وشه:** ڕەشبینی، هەست و سۆز ، دەروونی ،شیعر، ئەحمەد هەردی.

## پێشەكی:

بیرکردنەوەی ڕەشبینی پەیوەندی بەلایەنی دەروونی شاعیرانەوە هەیە ، هەر حاڵەتێکی دەروونی کە شاعیر لە شیعرەکانییەوە گوزارشتی لێکردبێ ڕەخنەگران چونەتە بنج وبنەوانی هۆکاری حاڵەت و جۆری دۆخە دەروونییەکەی شاعیر لەرێگەی شیکردنەوەی دەقەکە و بەسوود بین لە ژیانی شاعیر گەیشتوون بە حاڵەتی دەروونی شاعیر. بەگشتی ڕەخنەگران گرینگییەکی زۆر بەلایەنی دەروونی شاعیران دەدەن، لایەنی ڕەشبینی لە ژیانی مرۆڤدا لە ئەنجامی کۆمەڵێ هۆکار و دیاردەوە ئەم جۆرە بیرکردنەوە سەرهەڵدەدات زۆرجار خۆی لەنەخۆشیدا دەبینێتەوە کە کۆمەڵێ هۆکاری سەرەکی و لاوەکی دەوریان هەیە لە سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی ڕەشبینی. ئەم لێکۆڵینەوە لە دوو بەش و هەر بەشەو لە دوو تەوەر پێکدێت بەم شێوەی خوارەوە: بەشی یەکەم:باس لە ڕەشبینی وەک و نەخۆشیەکی دەروونی کراوە ، هۆکار و جۆر و شێوازی لە ڕووی دەروونناسیەوە تیشکی خراوەتە سەر، کە چۆن لە کێشەیەکی دەروونیەوە دەست پێدەکات. لەتەوەری دووەمدا باسی دیاردەی ڕەشبینی لە شیعری

نوێی کوردیدا کراوە بەگشتی. لە بەشی دووەمدا: کاریگەری ڕۆمانسی عەرەبی لە برەودان بە هەستە ڕەشبینیەکەی،لە تەوەری دووەمدا: بەشێکی پراکتیکیە خۆی دەبینێتەوە لە دیاریکردنی رەشبینی لە شیعرەکانی هەردیدا و هۆکارەکانی ڕەشبینی لەلای شاعیر کە بەسێ هۆکار دیاریمان کردون کە بریتیتن لە :(روداو کارەساتە ناخۆشەکان ، بارودۆخی میللەت لە رووی سیاسی و نەتەوەیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەئاکام نەگیشتن لە خۆشەویستی دا)هەریەک لەو هۆکارانە بەوردی لە شیعرەکانی خراوەتەروو .

**کێشەی لێکۆڵینەوەکە:** ئەو کێشەیەی کە لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات چارەسەری بکات ، ڕونکردنەوەی هۆکارەکانی ڕەشبینیە لە شیعرەکانی ئەحمەد هەردی دا.

**ئامانجی لێکۆڵینەوە:** ڕوونکردنەوەی دیاردەی ڕەشبینی و هۆکارەکانی لە شیعرەکانی ئەحمەد هەردی.

**سنووری لیکۆڵینەوەکە:** سنووری لیکۆڵینەوەکەمان بریتییە لەسەرجەم شیعرەکانی (ئەحمەد هەردی) بەگشتی و شیعرە ڕەشبینیەکانی بەتایبەتی.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** بەهۆی ئەوەی ڕەشبینی پەیوەندی راستەخۆی بە دەروناسیەوە هەیە بۆیە بە پێوستمان زانی لێکۆڵینەوەکەمان پەیرەوی (میتۆدی دەروونی) بکەین، تاکو بەشێوەیەکی باشتر لە دۆخە دەروونییە ڕەشبینییەکەی شاعیر بگەین و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە بۆ هۆکاری ڕەشبینییەکەی لە شیعرەکانی بکەین.

**بەشی یەکەم :تەوەرەی یەکەم:**

ڕەشبینی وەکو نەخۆشیەکی دەروونی

چەمکی ڕەشبینی چەمکێکی یەکجار فراوانە بۆیە، ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانەتیشکی بخەینەسەر بریتیە لە باسکردنی ڕەشبینی وەکو نەخۆشیەکی دەروونی((ڕەشبینی بریتیە لە کێشەیەکی هزری ، بەوەی لایەنی خراپی هەموو شتێک وەردەگریت، جگە لەوە باسی هیچی تر ناکات، ئەمەش یەکێکە لەو حاڵەتانەی بەرەو ڕووی دەروونی مرۆڤ دەبیتەوە و بەرەنگاری کاریگەرییە خراپەکانی نەبێتەوە دەبێتە هۆی ئازار و نەهامەتی و هەر ئەو هەموو سەرچاوەکانی چالاکیت هێواش هێواش لەناو دەبات))(سلیمان،2011 ،150)، مرۆڤ وزەی دەروونی و جەستەیی هەیە، هەریەکەیان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە بەڕێوەبردنی ژیانی دا، کە ڕەنگە ئەنجامەکانی ئەرێنی بن لە کاتی خۆشی و بەئەنجام گەیشتنی هیواکانی، بەم شێوەیە هاوسەنگی ژیانی تاکەکەس بێنێتە دی، یان نەرێنی بن لەکاتی خەم و بەکام نەگەیشتندا ،کە دەبێتە هۆی

تێکچوونی دەروونی مرۆڤ. زۆربەی نەخۆشییە دەروونییەکان یەک هۆکاریان نییە بەڵکو هۆکاری جۆراوجۆریان هەیە، کە پێی دەوترێت فاکتەری مەترسی هەر چەند هۆکاری مەترسی زیاترت هەبێت، بواری تووش بوونی بەنەخۆشی دەروونی زیاتر دەبێت. هەندێک جار، نەخۆشی دەروونی وردە وردە گەشە دەکات، هەندێک جار دەرناکەوێ تا ڕووداوێکی پڕ لە سترێس دروست دەبێت((ڕەشبینی لە دەروونناسییدا جۆرێکە لە هەڵاوسانی شێتگیرانە لە مرۆڤدا ،لە ئەنجامی شکستی خودی و تەنگ و چەڵەمەی ژیان و کۆمەڵگا ،تاک تووشی دەبێت ،کە زۆرجار ئەم هەڵاوسانە دەروونییە دەگاتە ئاستێک، هەموو شتێک بە چاوێکی ڕەشبینانە دەبینێت))(بالی، 1937، 24)) نەخۆشی دەروونی زۆر جار لە خێزاندا دەمێنێتەوە ژینگەیەکی پڕ ئێش و پەستان دە توانێت زیاتر ببێتە هۆکاری دروستبونی نەخۆشی دەروونی.ئەو شتانەی وەک ژیانێکی سەخت یان هەبوونی خێزانێکی خراپ، فشارێکی زۆر دەخاتە سەر دەروون و زۆرجار نەخۆشی دەروونی دروست دەکات. تەنانەت هەندێک کات ئەگەر کەسەکە لە ژینگەیەکی پڕ لە سترێسدا نەبێت، ئەو شتانەی کە لە منداڵیدا بەسەریدا هاتووە دەتوانن دواتر لە ژیاندا کاریگەرییان هەبێت ، ڕووداوی پڕ لە سترێس وەک: لە دەستدانی کەسانێکی خۆشەویست و ترس و بیرە نەرێنییەکان لە بازنەی خەمۆکی یان دڵەڕاوکێ و ڕەشبینی دا خۆت ببینیتەوە ((ئەم حاڵەتە دەرونییە زۆر جار مرۆڤ بەرەو تەنیایی و گۆشەگیری دەبات و هەوڵی جیابوونەوەی دەدات لە کۆمەڵگا ،تەنانەت دەگاتە حاڵەتی خۆکوشتن ،ئەمەش لە ئەنجامی بێهیوابوون لە ژیان و نەداری  و ناهەمواربییەوە بەرپا دەبێت))(غفور،2015، 35). ڕەشبینی جۆرێکە لە تێکچوون، کاتێک کەسێک لە بێمتمانەیی بە ژیان، پێشبینی خراپ دەکات بەهەمان شێوازی پێشبینیەکەی خراپەی دێتە ڕێی ئەم شێوازە بیرکردنەوەش بەرەو ڕەشبینیمان دەبات ،ڕەشبینی واتە ئارەزووی چاوەڕوانی ژیانێکی نالەبارو و خراپترین دەرئەنجام لە هەموو بابەتێکدا((ڕەشبینی پێشبینی کردنی شەڕو خراپەیە بۆ داهاتوو ، وا لەمرۆڤ دەکات چاوەڕێی خراپترین ڕووداوبێت،ئەم ڕەشبینیەشی  بێهیوا و گۆشەگیری دەکات)) (الانصاری،1998،16) سەیرکردنی لایەنی ڕەش لە شتەکان، هەروەها بە واتای باوەڕبوونە بەوەی کە ئەو جیهانەی تێیدا دەژین تەنیا شتە خراپەکان لەخۆ دەگرێت. مرۆڤ چۆن بزانێت خۆی یان هەر کەسێکی تری دەوروبەری ڕەشبینە یان نا هەندێک نیشانە هەن کە ئاماژە بەم شتە دەکەن ،کەسێکی ڕەشبین هەست بە سەرسوڕمانی زۆر دەکات ، ئەگەر بزانێت شتەکان بەئاسانی بەڕێوە دەچن  کەسەکە ئارەزووی ئەوەی نییە بەدوای ئەو شتەدا بگەڕێت کە

دەیەوێت ،چونکە پێی وایە بە هەر شێوەیەک بێت شکست دەهێنێت ، بەردەوام شکست و لایەنی خراپی شتەکان بە مێشکدا دێت و هیچ بیرکردنەوەیەکی ئەرێنی و هیواو ئومێد و گەشبینی بیر لێناکاتەوە ((کەسی ڕەشبین دونیا ئاوەژوو دەبینێت ، ئومێدی بە ژیان نییە یان ئەگەر هەشیبێت نەرێنییە))(ساڵەیی،2019 ،49)کەسی ڕەشبین زیاتر سەرنجی لەسەر عەیب و خاڵە لاوازەکانی دەبێت لەبری ئەوەی سەرنجی لەسەر ئەو خاڵە بەهێزانە بێت کە خاوەنییەتی بەردەوام هەست بە ناڕەحەتی دەکات، ئەگەر کەسێک بدۆزێتەوە کە ڕەفتارێکی گەشبینانەی هەبێت کە تەواو جیاواز بێت لە خۆی، بەردەوام هەست بە ناڕەحەتی دەکات لە خۆی بۆ ماوەیەکی زۆر خەریکی قسەی نەرێنی خۆی دەبێت((ڕەشبینی هەستێکی تاکە کەسییە بۆ پێشبینی کردنی خراپ ڕوودانی ڕووداوەکان لە داهاتوودا ، ڕەشبینی بیرۆکەیەکی نهێنییە کە ئامادەگی هەیە لە زەینی تاکێکدا کە پەلکێشی دەکات بۆ پێشبینی کردنی خراپ ڕوودانی شتەکان))(الانصاری ، 1998، 15)) مرۆڤی ڕەشبین وا گریمانە دەکات کە شتە باشەکان لە کۆتاییدا کۆتاییان دێت و تەنها خراپەکان دەمێننەوە. هەڵچوونی دەروونی و خەم لە ئەنجامی روداوەکانی ژیانی رۆژانەی کەسەکەوە سەرهەڵدەدات ، زانایانیش ((هەڵچوونە دەروونییەکان بەسەر دوو گروپدا دابەش دەکەن ،خۆش و ناخۆش))(علي.. ، 1984 ، 68).

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە تیشکی بخەینە سەر هەڵچوونە ناخۆشەکانە کە لە کێشەیەکی دەروونییەوە دەست پێ دەکات، بەرەبەرە تۆخ دەبێتەوە کاریگەری و فشار دەخاتە سەر دەروونی مرۆڤەکە وردە وردە دەیڕووخێنێت و تا ئەو کاتەی کێشە دەروونییەکە دەگاتە لووتکە و کەسەکە خۆی لە نەخۆشی ڕەشبینیدا دەبینێتەوە. دەروونناسەکان چەمکێکیان هەیە کە ڕەشبینی ڕوون دەکاتەوە و پێناسەی دەکات، ڕەشبینیش ئارەزوویەکی یاساییە لەعەقڵ هەموو شتێک وەک خۆی ڕەش ببینێت و لایەنی خراپی هەموو شتێک بگرێتەبەر پشتگوێخستنی هەموو شتێکی تر لەبەر ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا لە خوویەکی دەروونی هەمەلایەنە و هەمیشەیی پێکدێت. خەمۆکی و توڕەیی کورت کە لەناکاو هێرش دەکاتە سەر مرۆڤی ئاسایی، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئارەزووی هەبێت، لە ماوەیەک لە ماوەکاندا، لە ژیان نارازی بێت و گلەیی بکات، ئەوەی لێرەدا تێدەگەین ئەوەیە کە ڕەشبینی نەک حاڵەتێکی کاتی، بەڵکو دۆخێکی نەخۆشی دەروونییە کە بۆ ژیانی کەسەکە سروشتییە، بۆیە مرۆڤی ڕەشبین فۆکەسێکی بەرگریکارانەی هەیە لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی ژیان (ئازار، مردن، لەدەستدان، بێزاری، ململانێ، هەستکردن بە تاوانباری دەژی ، ناڕەزایی، کێشەی چارەسەرنەکراو، ئەگەری

هەڵە، خیانەت، شتی هەڵە...)دەکرێت لەگەڵ سووککردن یان نکوڵی لایەنە ئەرێنییەکان یان گەشبینەکان ڕووبدات ئەمەش ڕەنگە هەستکردن بە لەدەستدانی تواناکانیان لەدەستدانی کۆنترۆڵ لەسەر بنەمای ئەو چاوەڕوانییەی کە مرۆڤ ناتوانێت ڕێگری لە ڕووداوە نەرێنییەکانی ژیان بکات((بەهای مرۆڤ بەهۆی ئەو کارانەوە نییە کە ڕووداوەکان پێی دەکات ، بەڵکو بەهاکەی لەو کاروهەنگاوانەی دایە کەسەرەڕای بوونی ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەکان کە دێنە ڕێی ئەنجامیان دەدات))(ماردن ،2008، 57) ڕەشبینی نەخۆشییەکە کە مرۆڤ تووشی دەبێت و هێرش دەکاتە سەری، کاریگەری لەسەر ژیانی دەبێت و لایەنە ئەرێنییەکانی ژیانیشی تاریک دەبن لەم حاڵەتەدا تەسلیمی هەموو ئەو گرفت و ناڕەحەتیانە دەبێت کە لە ژیاندا هەیە، بەم هۆیەشەوە فیکر و عەقڵی لەکار دەکەوێت و ناتوانێت ڕێگە چارەیەک بدۆزێتەوە بۆ دەرچوون لێی، بەرامبەر بە هەموو شتێک لە ئایندەدا مرۆڤەکە ڕەشبین دەبێت و لەڕووی دەروونییەوە ژیانی دەبێتە دۆزەخێکی تایبەتی و ناتوانێ هیچ هیوا و ئامانجێک لە ژیانیدا دیاری بکات لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە ناتوانێت هیچ جۆرە چالاکییەک ئەنجام بدات.

**تەوەرەی دووەم :دیاردەی ڕەشبینی لە شیعری نوێی کوردیدا**

ڕەشبینی وەکو دیاردەیەکی دەروونی وکۆمەڵایەتی لە ژیانی زۆربەی مرۆڤەکاندا بوونی هەیە، کە لە یەکێ لە چرکە ساتەکانی ژیانیدا، بە هۆی پاڵنەرێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە. هۆکارەکانی ڕەشبینی لە ژیانی مرۆڤدا زۆرن بە شێکیان پەیوەندیان بە هەلومەرجی خودییەوە هەیە، وەک ڕوودانی کارە ساتێکی دڵتەزێن و نامۆبوون و لە دەستدانی شتێک و سەرنەکەوتن لە ئەزموونی خۆشەویستی ...هتد کە دواجار ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە لە لای تاک دروست دەکات کە بە ڕەشبینییەوە بڕوانێتە ژیان .هۆکارەکانی ڕەشبینی، چ ئەوانەی پەیوەستن بە هەڵ ومەرجی خودی وژیانی تایبەتی کەسەکەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە خواستە بەدی نەهاتوەکانی ،کە کاریگەری بەسەر شاعیرەوە جێدەهێڵێت ((شاعیر لە یەک کاتدا نیشتەجێی نێوان دوو جیهانە، ئەویش جیهانی خواستە بەدیهاتووەکان و جیهانی خواستە بەدی نەهاتووەکان ، ئەوەی بەدی دێت شاعیر وازیان لێدەهێنێت ، بەڵام خواستە بەدینەهاتووەکان، شاعیر دەکەنە ئەو گەڕیدەیەی کە بیان گوازێتەوە بۆ ناو ماڵی شیعر. شاعیر ڕاگوزارە لەنێوان جیهانەکاندا هەمیشە خەمی ئەو خەمی خواستە بەدینەهاتووەکانە هەربەوەندە ناوەسێ ئاشکرایان بکات ،بەڵکو جیهان و شوێنگەشیان بۆ دەدۆزێتەوە تا بەرجەستە ببن، با بە خەیاڵ و وڕێنەش بێت. شاعیر هێندەی ڕابردووی هەیە لەگەڵ خواستە

بەدینەهاتووەکان هێندە ماوەی ژیانی نییە لەگەڵ خواستە بەدیهاتووەکاندا ، چونکە خواستە بەدیهاتووەکان لەگەڵ بەدیهاتنیان دەمرن و دەگەنە کۆتا ، بەڵام خواستە بەدینەهاتووەکان شاعیر هەراسان دەکەن و داوای بەدیهاتن دەکەن لە شاعیر))(عەبدوڵا، 2013، 83) شاعیر کاتێک ناتوانێ ئەو خواستانەی خۆی بهێنێتەدی یان شکست لەدوای شکست ڕووبەڕوی دەبێتەوە بەمەش بەرەو بێ هیوایی و ڕەشبینی دەبات .ئەوانەشی پەیوەستن بە هەلومەرجی بابەتییەوە، کاریگەریی نەرێنی بە سەر ژیانی مرۆڤەوە جێدەهێڵن، کە سەرەنجام بە ڕەشبینی و نا ئومێدییەوە بڕوانێتە ژیانی داهاتووی. لە ڕوانگەی کەسی ڕەشبیندا، ژیان لەو کاتەدا کۆتایی دێت، کە کارەساتەکەی تیادا ڕوودەوە. بۆیە بوون و ژیان، ماناو چوارچێوەیەکی دیکە دەگەیەنن ، دوای دروستبوونی ئەو دنیابینییە ڕەشبینییە. ڕەشبینی وەک دنیابینییەک و تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی و هزریانە بۆ ژیان، وەک بابەت و گوتار لە بە شێکی زۆری ئەزموونی شیعری شاعیرانی ئێمە، بە جیاوازی ئەزموونی شیعریانەوە دەبینرێت .

بەشێکی تری ئەو ڕەشبینییەی باڵی بەسەر شیعری نوێدا گرتووە کاریگەری بەسەر شاعیرەکانەوە هەبووە لە شیعرەکانیاندا خەم و نائومێدی ڕەشبینی ڕەنگیداوەتەوە، سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتە ئەدەبییانەی کە لەو ماوەیەدا سەری هەڵداوە دەورێکی کاراو کاریگەری بینیوە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ڕووی روخسار و ناوەرۆکەوە ، ئەگەر ئێمە گروپی ڕوانگە بەنموونە وەربگرین کاریگەری لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی هەبووە ((بەگشتی بە هەر بارێکدا لە ڕوانگە بڕوانین کاریگەری خۆی لەسەر ئەدەبی کوردی جێ هێشتووە ، هەر هیچ نەبێ گۆمی ئەدەبی کوردی شڵەقاندووە و بووە هۆی ئەوەی تێڕوانینێکی نوێ دەربارەی ئەدەبی کوردی کۆن و نوێ بخرێتەڕوو))(بەرزنجی ،2008، 5) ڕوانگە رۆڵێکی گرنگی بنیوە لە ئاڕاستەکردنی شاعیران و وازهێنانیان لە شێوازی شیعری کۆن و هاندانیان تا بە شێوازێکی نوێ شیعر بنووسن واز لە شێوازە کۆنە لاسایکەرەوەکە بهێنن بۆیە دەیانگوت: ((سەرکەوتن و زاڵبوونی ئەدەبی تازە بیری نەوەی نوێ، تەنها لە ڕازاندنەوە و ئارایشتەکردنی دیوی دەرەوەدا نییە، بەڵکو لە چونە خوارەوەشدا بە بنج و بێخی هەست و نەست و ژیانی ئادەمیزادی سەدەی بیستەمدا )) (روانگە، 2013، 18) بەو مانایەی دەبێت شیعر تەنها گرنگی بە دیوی دەرەوە نەداتن ناوەڕۆک بکرێتە قوربانی رازانەوە و جوانکاری شیعری ،بەڵکو دەبێ شیعر گوزارشت لە ناخ و دەرونی مرۆڤی ئەو سەردەمە بکاتن((لە سەردەمی ئێستاماندا، ئەو بابەتە ئەدەبییە قورس و قەبانە ماوەی

ژیانیان نەماوە، کە هونەری ناوەڕۆک ئەکەن بەژێر پێی ئەسپی باڵداری خەیاڵ و دار و پەردووی وشەی وشک و برنگی ڕەق و بێ گیانەوە، ئەو بابەتە ئەدەبیانە ، هەرگیز بۆ زۆربەی نەتەوە نەژیاون و لە ئازار و ئاواتی چەوساوەکان نەگەیشتوون)) (ڕوانگە، 2013، 19)پێیان وابوو شیعری پێشتر لە ئاست خواست و ئامانجەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ دەستەوەستانە بۆیە پێویستە ناوەڕۆکی شیعر گۆڕانکاری تێدا بکرێت لەگەڵ سەردەمەکدا بگونجێت ،شاعیرانی ڕوانگە دەیان ویست شیعر ئەم بابەتانە لەخۆبگرێت لەوانە: ((شیعر بۆ مرۆڤ، هەستی مرۆڤایەتی ،شارستانیەت و ، یەکێتی ئاوارەیی و بێ ئارامی، وەڕسبوون و یاخیبوون ،دەربرین لە ئێش و ئازار، نەخشەکێشانی ئاوات و ئامانج ، هەڵڕشتنی هەگبەیی مەسەلەی بوون و نەبوون و ژیان و مردن، ...)) (حەوێز،2010، 55) ئەگەر سەیری بابەتەکانی وەکو : بێ ئارامی ، وەڕسبوون ،یاخیبوون ، ئێش و ئازار ، ژیان و مردن بکەین زۆریان بەلای نائومێدی و ڕەشبینیدا دەسوڕێنەوە .بابەتەکانی شیعری نوێ خۆی لەگەڵێ بابەتی تریش دەبینێتەوە لەوانە (عیشق،ئافرەت وەک خۆشەویستی و جوانی ،خەمی هەژاران و زەحمەت کێشان،تەنیایی ،ترس ،نیگەرانی ،نائومێدی ،ڕەنگدانەوەی خودیەت، سروشت ،سەفەر و غەریبی ، خەم ...)کە هەموو ئەم بابەتانەو چەندانی دی سەری لە نائومێدی و ڕەشبینییەوە دەردەچێ.

**بەشی دووەم: تەوەرەی یەکەم:**

## کاریگەریی ڕۆمانسیزمی عەرەبی لە برەودان بە ڕەشبینی لای هەردی:

ئەحمەد هەردی دوای ئەوەی دەچێتە بەغدا بۆ خوێندن لە (دار المعلمين) لەوێ ئاشنای کۆمەڵێک لە سەرچاوەی وەکو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و ئەدەبی عەرەبی دەبێت ((لە ساڵانی (1938–1939)دا ئەو سەرچاوانە بوون بە ڕێنمایی کەری بەتایبەتیش کە لەبەر خوێندنی (دار المعلمين) ڕوودەکاتە بەغداو ئیتر لەوێ ئاشنای دنیایەکی نوێی ئەدەب دەبێت))(هەردی،2000، 3) لە چاوپێکەوتنێکدا لە ساڵی 2006(د.عیزەدین مستەفا رسول) سەبارەت بە سود وەرگرتن و کاریگەربوون بە ڕۆمانسیزمی عەرەبی دەڵێت: "ئەدەبی مەهجەر دەنگێکی تازە بوو لەو سەردەمەدا ،ئەمانیش نەوەیەکی تازەبوون ئەیان خوێندەوە زمانی عەرەبیشیان دەزانی ،بۆیە خوێندنەوەی ئەدبیاتی مەهجەر لای دڵدار و هەردی بەدی دەکرێت، چونکە خوێندنەوەی شاعیرانمان لەو قۆناغە زیاتر عەرەبی بوو" هۆکاری خوێندنە عەربییەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو ڕژێمانەی دەسەڵاتی حوکمی عێراقیان دەکرد لەو سەردەمەدا تەنها گرینگیان بە زمانی عەرەبی دەداو ، بەهیچ شێوەیەک ڕێگەیان بە خوێندن و دەرکەوتنی

زمانی کوردی نەدەدا، هەردی خۆی بۆمان باس دەکات لەم بارەیەوە دەڵێت:( سەرەتا لە (منفلوطی) دەستم پێکرد کە نووسەرێکی بەناوبانگی میسر بوو ...،ئینجا چووم بۆ کتێبەکانی (جبران) و شاعیرانی(مهجر) ئەمانە بە شێوەیەکی ئاسان و ڕەوانی ئەوتۆ ئەیان نووسی،کە بۆ یەکێکی وەکو ئەوسای من ،سەرەتایەکی باش بوون، هەڵبەت لەدوای (جبران) زۆرتری نووسینەکانی (میخائیل نعیمە) لا پەسەند بوو ،لە ساڵانی (1938–1939)دا کتێبی (الغربال)یم خوێندەوە هەر لەو دەورانەدا ژمارەکانی گۆڤاری(الرسالە) م دەسکەوت کە بەتایبەتی ئەو وتارانەی لە بارەی (ڕەخنەوە )لەو گۆڤارانەدا ئەنوسرا ،سەرنجی ڕاکێشام ،موتالای ئەمانە باری سەرنجیان بەرامبەر شیعر گۆڕیم)(هەردی،1989، 70) هەردی لەو کاتەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕۆمانسیزمی عەرەبی لە ڕێی ئەدیبەکانی ئەدەبی عەربییەوە ئاشنایەتی پەیدا دەکات لەسەر ئەو شێوازە شیعرییەی کە گوزارشت لە هەست و سۆز و خەیاڵی شاعیر دەکات و لەواقیع رادەکات و باوەش بە سورشت دا دەکات کاریگەری بەرچاوی بەسەر خوێنەردا هەیە، خوێنەر بەجۆرێک وەک ئاوێنەیەک خەم پەژارەکانی خۆی تێدا دەبینێتەوە، هەردی کاتێک ئەم شێوازە نوسینە شیعرییەی لە شیعری شاعیرانی عەربی بینی کەوتە ژێر کاریگەرییانەوە و بەجۆرێک زۆربەی ئەو سەرچاوانەی گوزارشتی لەو شێوازە ئەدەبییە دەکرد دەیخوێندەوە، جگە لە کۆمەڵەی مەهجەر ئاگاداری دەرچونی گۆڤارەکانی کۆمەڵە ئەدەبییەکانی تریش بوو لەو کاتەدا ((دیارە جگە لەم سەرچاوانەی کۆمەڵەی مەهجەر هەردی ئاگاداری سەرچاوەکانی گۆڤاری (هیلال)و(ئەپۆلۆ)ش لەگەڵ دیوانی شاعیرانی ئەپۆلۆ ،لە کتێبخانەکانی بەغدا چنگ کەوتون ، هەردی ئاگاداری تەواوی بەرهەمی شاعیرە تازەگەرەکان بووە و چێژی لە شیعرەکانیان وەرگرتووە و پێیان کاریگەربووە زۆرجار کاریگەریکە لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە))(گەردی،2005، 21).

دیارە هەردی سەرەتا لەڕێی کاریگەر بوونی شاعیرانی (کۆمەڵەی مەهجەر و کۆمەڵەی ئەپۆلۆوە) ئاشنای ڕۆمانسیزمی عەرەبی بووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەرییانەوە، شاعیرەکانی ئەو کۆمەڵانە سەرنجی هەردییان ڕاکێشاوە بۆ ئەو شێوازە شیعر نوسینە،ئەگینا وەک فکرە ئاگاداری ڕێبازی ڕۆمانسیزمی ئەوروپی نەبووە، هەردی خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت:(ڕۆمانسیەت و ڕۆمانتیکی وەک فیکرە هیچ کەسێ لەلای ئێمە باسی نەکردووە، ئەو ڕۆمانسیەتە بەقەستی دەستمان نەداوەتێ، هەر بە تەئسیری کەسانی تر ئەوەمان کردووە،ئەدەبیاتی مەهجەری وەک: (جوبران خەلیل جوبران)م

خوێندۆتەوە،هەندێ شیعریم لەبەرە ، ئیلیا ئەبوو مازی، جەبران و میخائیل نوعەیمە و ئەمانەم خوێندۆتەوە و تەئسیریان تێکردووم ، ئیتر نەمزانیوە رۆمانسیەت وەک فیکرە چییە، بینیومە لە ئینگلیزی و فەرەنسی بە تەرجەمە شەرحی کراوە، ئینجا زانیمە ئەمە مەزهەبە ،واتە پێش ئەوەی بزانم رۆمانتیکیەت تەئسیری لەو شاعیرانە کردوە،کە هەمان خۆشەویستی بینیوە و هەمان شیعری وتووە ... پێم وایە چاکترین شیعر ئەوەیە بتوانێ خوێنەر بهەژێنێ ،ئیتر بە چ قوتابخانەیەکە دەیڵێ ئەوە بەلامەوە گرنگ نییە) (عەبدولواحید،2004، 103-104) بەو واتای هەردی قوتابخانەی شیعری بەلاوە گرنگ نەبووە. زیاتر گرینگی بەوە داوە چ شیعرێک خوێنەر دەهەژێنێ و پێی کاریگەر دەبێت.

بێگومان شیعری شاعیرانی ڕۆمانسیزمیش کاریگەری تەواوی لەسەر خوێنەر هەیە، چونکە لە شیعرەکانیاندا لە هەموو سەردەمێکدا باسی هەست و سۆزی مرۆڤ دەکرێ هیچ کەسێک نادۆزیەوە دەسبەرداری هەست و سۆزی بێ لە هەموو سەردەمێک رۆمانسیزم ئەدبیاتی ئەمڕۆیە بەسەر ناچێ ، با وەکو و فیکرە هەردی ئاشنای نەبووبێ لە سەرەتادا، بەڵام کاریگەرییەکەی لە ڕێی شیعری شاعیرانی عەرەبیەوە سەرنجی هەردی بەلای خۆیدا راکێشاوە و پێی کاریگەر بووە . ئەگەر سەرنجێک سەبارەت بە رۆمانسیزم لەلای (جبران) و شاعیرانی مەهجەر بدەین ، دەبینین لە هەموو شاعیرانی تاراوگە (مەهجەر) زیاتر لە ڕۆمانسیزمەکانەوە نزیکتر بووە ، بەوەی هەر لە سەرەتای ژیانییەوە، کاتێک مناڵ بوو و هێشتا بەرەو ئەمەریکا کۆچیان نەکردبوو، سروشتە پاک و جوانەکەی لوبنان و دیمەنی چیاکانی، کاریگەریی قووڵیان لەسەر ڕۆح و دەروونی جێهێشت. ئاشکرایە کە (گەڕانەوە بۆ سروشت) یەکێکە لە بیرۆکە زاڵەکانی ڕۆمانسیزم، لە بەشێکی زۆری دەقە شیعرییەکانی جوبرانیشدا، ئەم بیرۆکەیە بە زەقی ڕەنگ و دەنگ دەداتەوە و سروشت دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ هەست وسۆزەکانی مرۆڤ،تەنیایی و نامۆیی و ڕەشبینی لەو بیرکردنەوانەن کە لە کار و بەرهەمی ڕۆمانسیزمەکاندا دەبینرێ، لەلای (جوبران)یش ئەم شێوازە گوزارشتکردنە لە هەست و سۆزەکانی ناخ و دەرونی لە زۆربەی دەقەکانی خۆی دەبینێتەوە، مەسەلەی خۆشەویستی، کە لە مەسەلە سەرەکییەکانی ڕۆمانسیزمە، ئەم مەسەلەیەش پانتاییەکی فراوانی لە ئەدەبی جوبراندا داگیرکردووە یاخیبوون لە واقیع و دابونەریتی سواوی کۆمەڵگا و هەڵاتن بەرەو دونیایەکی خەیاڵکراوی ئایدیالیست و باڵا، سیمای سەرەکین لای شاعیر و نووسەر و هونەرمەندە ڕۆمانتیکەکان، کە لای جوبرانیش بەرجەستە دەبن، لە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا ،هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی رۆمانسیزم لە

لای جبران سەرنجی هەردییان بۆلای ڕۆمانسیزمی عەرەبی راکێشاوە وەک هەردی خۆی بۆمان باس دەکات و دەڵێت:(( بەتایبەتی نووسینەکانی (جبران)کە بەرگێکی ڕۆمانسی نوێیان لەبەردابوو بەلای منەوە شتێکی تازە و نەبیستراو بوون و لەو سەردەمەدا کارێکی زۆریان تێکردم ،ئەم قوتابخانە تازەیەی(جبران)یا قوتابخانەی (رۆمانسی) بەتێکرایی ، دوولایەنی جیاوازی تێدایە، لایەنێکیان زۆرتر باسی تەنیایی و خۆشەویستی و فرمێسک و خەم و پەژارە کردنە ،لایەنەکەی تریان یاخیبوون و شۆڕش و پەلاماردانی باوو و نەریتی سەردەمە نموونەی یەکەمیان وەکو :(الدمعة و الابتسامة)و(نحن و انتم)نمونەی دووەمیان وەکو:(الارواح المتمرده)و(العواصف)و (الاجنحه المتكسره)و...هتد)) (هەردی،1989، 70 ) دەتوانین بڵێین هەردوو لایەنەکەی قوتابخانەی(جبران) کاریگەرییان بەسەر شیعرەکانی هەردیەوە هەیە، شیعری هەیە پڕیەتی لە ڕەشبینی لە خەم وپەژارە و فرمێسک ،شیعریشی هەیە پڕیەتی شۆڕش و پەلاماردان ، ئەو شیعرانەی هەردی کە بەرگی خەم و پەژارەیان لەبەردایە کاریگەرییەکەی بەسەر زۆربەی شیعرەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە .

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد هەردی کاریگەری ڕۆمانسیزمی عەرەبی بەسەرەوە بووە ئەو کاریگەر بوونەش لە ڕێگای کۆمەڵەی مەهجەر و شاعیرانی کۆمەڵەکە بەگشتی جبران بەتایبەتی ،کاریگەری شاعیرانی کۆمەڵەی ئەپۆلۆشی بەسەرەوە بووە و ئەم کاریگەرییە لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە هەرچەندە هەردی لە هیچ سەرچاوەک ئاماژەی پێنەکردووە ، بەڵام ئەگەر سەیری شیعری شاعیرانی (کۆمەڵەی ئەپۆلۆ) بکەین شیعری چەند شاعیرێک بەنموونە وەربگرین لەگەڵ شیعرەکانی هەردی هەڵی سەنگێنێن هەست بەوە دەکەین ، کە هەردی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو کۆمەڵەوە و ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییەش لەسەر هەردی بەتایبەتی لەلایەن شاعیرانی وەک (علي محمود طه ، ابراهيم ناجي ،ابو القاسم الشابی)دەردەکەوێت .لێرەدا بەشێک لە نموونەی شیعری ئەو شاعیرانە وەردەگرین و جۆری کاریگەریەکان لە شیعری هەردیدا دیاری دەکەین :

(علي محمود طه) دیوانی شیعری (الملاح التائه) لەساڵی 1934بڵاوی کردۆتەوە شیعرێکی هەیە بەناوی (الانتظار) ،هەمان ناونیشان لە لای هەردی لە دیوانی (ڕازی تەنیایی) بەکەمێ زیادەوە دەبینرێ بەناوی (چاوەڕوانی بێهوودە) هەردی تەنیا بێ هودەی زیاد کردووە، ئەگەر سەیری کاریگەرییەکانی (علي محمود طه) بکەین لەسەر هەردی خۆی لە گەلێک لایەن دەبینێتەوە، بەڵام ئێمە هەندێک لە کاریگەرییەکان بە

نموونە وەردەگرین وەک: - ناونیشانی شیعریان زۆر لیک نزیکە(الانتظار) و(چاوەڕوانی بێهوودە) ، - بیرۆکەی شیعریان هەردووک چاوەروانی یارەکەیانن لەسەر ریگا: (عيناتي ترقب كل طيف عابر) و (لەسەر ڕێدا ئەوەستم من، تاکو ئاوی پێم دایە)،هەستەکانیان بەژدارە لەو چاوەروانیە، - لە ڕووی دەرونییەوە هەردووک لە دڵە راوکێدا دەژین و دەترسن یارەکەیان لە دەست بدەن، - لە لای هەردوو شاعیر بەئاکام نەگەیشتن و نەگەیشتن بە خۆشەویستەیەکەیان دەبینرێ،...هتد

لە شیعرێکی تردا (علي محمود طه) بەناوی(بحيرة كومو) ،هەردیش شیعرێکی هەیە(من و تۆ ) پاشان ناوەکەی گۆڕییە بۆ (خەرمانە) کاریگەریەکانی(علي محمود طه) لەسەر هەردی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە - بیرۆکەی هەردوو شیعرەکە شاردنەوەی نهێنییەکە لە دڵیان لەلای مەعشووقەکەیان، بەڵام چاوەکانیان نهێنییەکەی ئاشکرا کردووە کە هەردوو وێنەکە هەمان شتە ،- گفتوگۆکە لە نێوان دوو کەس دایە ئەویش (عاشق و مەعشوق)و (من وتۆ) کە هەر هەمان مەبەست دەدا بەدەستەوە و جیاوازییان نییە،...هتد

(علي محمود طه) لە شیعرێکی تردا بەناوی(قلبي) باسی خۆی دەکات، دەڵێت:

وصحوت من وهم ومن خبل        فـــاذا جـــراحک کـلـــهـــن دم

لـــجت عـــليـــک مـــرارة الـــفـشل        ومشي يحز وتينک الألم!

والأض ضــاق فضـــاؤهـــا الرحب        وخـلـت فـلا أهــل ولا سكـن

حـــال الـــهوي وتــفرق الصـــــحب        وبقيت وحدک أنت والزمن

(طە،2012، 50)

لێرەدا شاعیر ڕوودەکاتە دڵی خۆی و باسی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، کە چۆن دڵێکی پڕ لە خۆشی و شادی هەبووە، ئەستێرەی ژیانی رووناکی داوەتەوە. کەچی لە ناکاو بۆی دەردەکەوێت ئەمانە خەیاڵێک بووەو دووربوە لە ڕاستی، چونکە ئەو بەڵێنانەی کە پێیدرابوو هەمووی ناڕاست دەرچوون.دنیای فراوانی لی تەنگ بووەو بە بێ کەسی ماوەتەوە.

لەلای هەردیش لە شیعری(دڵێکی تێکشکاو) هەمان حاڵەت بەدی دەکرێ وەک دەڵێت:

ئەوی ئەوساکە ڕووناکیی ئەدا بەم ژینە شێواوە

دڵێکی پڕ لە ئاهەنگ بوو، کە ئێستا پاکی ڕوخاوە..!

..........

کەچی ئەو کۆشکی چەند ساڵەی، دڵم بنچینەکەی دانا
بە تەنیا گەردەلولێکی «نەهاتی»، چوو بە ئاسمانا..!
هەموو ئەو نیاز و ئاواتەی لە ناو ناخی دەروونا بوو
لە داخی بێ بەڵێنیی ئەو بە جارێ تەفر و توونا بوو..!
بەڵێ، کاتێ بە خۆم زانی، بەهاری پڕ ئەوین ڕۆیی
خەو و ئاواتی چەند ساڵە و بەڵێنی پێ گەیین ڕۆیی..!
(هەردی، 1984، 57)

ئەگەر سەیری کاریگەریەکانی (علي محمود طه)لە سەر هەردی بکەین خۆی دەبینێتەوە لە: – لەڕووی ناونیشانەوە (قلبي) و (دڵێکی تێکشکاو)هەمان ناونیشانە تەنیا لەلای هەردی خاسیەتی تێکشکاوی بۆ دڵ زیاد کردووە، - لەرووی بیرۆکەی شیعرییەوە لای هەردووکیان بابەتەکانیان گێڕانەوەی رۆژانی رابردووە خەو و خەیاڵی ئەو کۆشکەی لە دەرونیادا بوو بە هاتنی ڕەشەبایەک ڕووخاوە تووشی تەنیایی هاتوونە،..هتد هەردی جوانتر و وردتر و پڕ هەست و سۆزتر گوزارشتی لە دۆخەکە کردووە، ڕاستە بیرۆکەکە لای (علی محمود طه) هەیە، بەڵام هەردی زۆر لەو جوانتر گوزارشتی لێ کردووە .کەواتە لەگەڵ وەرگرتنی بیرۆکەکەدا، توانا و داهێنانی هەردیش بەدەرکەوتووە لەو شیعرەدا.

(ابراهیم ناجي) لە زۆربەی شیعرەکانیدا تایبەتمەندی رێبازی رۆمانسیزم دەبینرێ کە کاریگەری بەسەر (هەردی) یەوە هەبووە کاریگەرییەکە لە چەند شیعرێکدا بەدیار دەکەوێت ،ابراهیم ناجی لە شیعری (من ن الی ع) بە شێوەکی خەمبارانە وێنەی ژیانی پڕ لە نائومێدی و ڕەشبینی خۆی پیشان دەدات، هەمان وێنەی شیعری لە لای هەردی لە شیعری (رازی تەنیایی ) دووبارە بۆتەوە کە نەگیشتنە ئەنجامە لە خۆشەویستی دا تەمەنیان بە نائومێدی و خەم و مەینەت بەڕێکردووە و ژیان لەلایان هیچ خۆشییەکی نییە. هەروەها (ابراهیم ناجی) لە هۆنراوەی (البعث) ئەو نائومێدی ڕەشبینییەی دەبینرێ وەک لە شیعرەکەدا دەلێ :

قد بلوت الويل فيها لا بلوتا     وأنا أبدا يومي بالمساء
وعرفت الضيق ضيق القلب حتى     لم أجد في الكون ثقبا من رجاء
(ناجی ،1980، 170)

کە رۆژی بە شەو دەست پێ دەکات و لە شەویشدا تیشکی روناکی نابینێت، هەمان شت لە شیعری (رازی تەنیایی) لەلای هەردی دووبارە بۆتەوە کە لە تاریکی

شەوی ژیانیدا روناکی نایێتە سەر ڕێگای هیچ هیواو ئومێدێکیان بەم ژیانی دنیایە نەماوە خەم زاڵبوە بەسەریدا ، وەک هەردی دەڵێ:

ئەگێڕم چاوی بێ تینم بە تاریکیی شەوا، سەرسام

نییە پرشنگی دوو چاوێ، کە ڕووناکی بکا، ڕێگام

بە غەیەری باڵی خەمناکی شەوی پڕ ترس و سامناکی

(هەردی، 1984، 79)

لە شیعرێکی تردا (ابراهیم ناجي) بەناوی (رسائل محترقة) باسی ئەوە دەکات کە بۆ ژیانی ڕابردووی گەڕاوەتەوە لە شەوێکی تاریکدا هەموو ئەو یادگاری و نامانەی خۆشەویستەکەی کەوتۆتەوە یادی وەک چۆن منداڵێک خەوببینێ ،لەپر بەئاگا دێتەوە نامە دڵدارییەکانی دەسووتێنێ و هەربەوەش ڕاناوەستێ بەڵکو دڵی خۆشی دەخاتە ناو ئاگری نامەکان تاکو بسووتێ ڕوخساری یارەکەی تێدا ونبێتن، هەردیش هەمان فکرەی بەکارهێناوە ،بەڵام بە شێوازی خۆی لە هۆنراوەی (شانزە ساڵ چاوەڕوانی)دا دوای ئەوەی تاریکی شەو باڵی رادەکێشێت بەسەر زەمینا یادگاری شانزە ساڵی ژیانی خۆشەویستی دەخاتە چاڵی سزاوە، کاریگەرییەکەی (ابراهیم ناجي) لە چەند لایەنێکەوە بەسەر هەردیدا دیارە لە وانە بەکام نەگەیشتنی خۆشەویستیان و لەناوبردنی یادگاری خۆشەویستەکانیان کە یەکیان بەسوتان ئەوی تر بە چاڵی سزا کە ئەمە ئەوپەڕی رەشبینی لای هەردووکیان نیشان دەدات.

(ابو القاسم الشابی)شیعرێکی هەبە بەناوی (صلوات في هيكل الحب)هەردی پێدەچی پێشتر ئەو شیعرەی بینبێتن و پێی کاریگەر بو بێتن هانی داوە شیعرێک بەهەمان ناونیشان بەکەمێ جیاوازی بەناوی(صلوات المحب) بە زمانی عەرەبی بنوسێ کە کارییگەری(ابو القاسم الشابی)لەسەر هەردی دەبینرێ لەناونیشانەکەیەوە تا هەندێ لایەنی ناوەڕۆکی شیعرەکە ،بەڵام هەردی لەو شیعرەی دا تایبەتمەندی خۆی نیشانداوە هەرچەندە زمانەکەشی عەرەبییە ، بەڵام هەردی توانویەتی شاعیرێکی عێراقی وەکو (بدر شاكر سياب) سەرسامی ئەو شیعرەی خۆی بکات ، لەم بارەیەوە هەردی دەڵێت:((لەبیرم دێ جارێک دانشتنێکی دورو درێژمان پێکەوە کرد گەلێک لە شیعرەکانی خۆی بۆ خوێندمەوە ،داوای لێکردم ئەگەر شیعری عەرەبیم هەیە بۆی بخوێنمەوە ،منیش شیعری (صلوات المحب)م بۆ خوێندەوە، دوای ئەوەی شیعرەکەم بۆ خوێندەوە ،ووتی تجربەی شیعری زۆری تێدایە))(هەردی،1989، 85 ).شایەنی باسە هەردی لە ڕێگەی کاریگەریی ئەدەبی عەرەبییەوە ئاشنای شیعری شاعیرانی ئەورووپی بووە

،چونکە ئەو کۆمەڵە ئەدەبییە عەرەبییانەی وەکو (مەهجەر و ئەپۆلۆ) کاریگەربوونە بەشیعری شاعیرانی ڕۆمانسیزمی ڕۆژئاوا وەکو (شیللی، کیتس، ۆردزۆرث...هتد) شیعرەکانیان وەربگێڕنە سەر زمانی عەرەبی، هەردییش لە ڕێگەی زمانی عەربییەوە بەو شیعرە کاریگەر بووە و وەرگێردراوە بۆ زمانی کوردی بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە کە تایبەتمەنیی دەقە سەرەکیەکە لەدەست نەداتن

**تەوەرەی دووەم: هۆکارەکانی ڕەشبینی لە شیعرەکانی ئەحمەد هەردی دا**

**1- ڕووداو و کارەساتە ناخۆشەکان:**

ئەو ڕووداو و کارەساتە ناخۆشانەی بەسەر هەردی خۆی یان کەسێکی نیزکیدا هاتوون، کاریگەرییان هەبووە لەسەری لە ڕووی دەروونییەوە دووچاری خەم و خەمۆکی و نامۆیی و نائومێدی و لە کۆتاییدا ڕەشبینی هاتووە، ئەم حاڵەتە دەروونیانە بۆتە سەرچاوەیەکی ئیلهامی شیعری، بۆتە هۆی ئەوەی دەست بە نوسینی شیعر بکات وەک هەردی خۆی بۆمان باس دەکات و دەڵێت: ((جاری واش بووە حاڵەتێکی دەروونی یا کارتێکردنی ڕووداوێکی ناخۆش، کە بووە بە هۆی پەژارەیەکی دەروونی ، دەستی پێ داومەتە قەڵەم و پێشەکی هیچم بۆ دانەناوە . بگرە هەندێک جار بە جۆرێک ئەو حاڵەتەم دەربڕیوە کە لەوە پێش هەرگیز بەبیرمدا نەهاتووە، ئەم حاڵەتانە هەموو کاتێک دروست نابن)) (هەردی، 1989، 72 ) بەو واتایەی ئەو کاتانەی کە ئەو ڕووداو و کارەساتە ناخۆشانە چ بەسەر خۆی یان کەسانی ئازیزی دێتن شاعیر تووشی هەڵچوونی دەروونی دەکات، ئەو باردۆخە نەخوازراوە هانی شاعیر دەدات تاکو قەڵەمە شیعرییەکەی دەست بە نوسین بکات، کە لەوەوپێش هیچ ئامادەکاری و فیکرەیەکی بۆ ئەو نوسینە شیعریە لە بیرکردنەوەیدا نەبووە ، ڕووداو و کارەساتە ناخۆشەکان هەرلە مردنی کەسانی نێزیکی و یان ڕووداو و گۆڕانکاری سیاسی و نەتەوەیی کە بە زیانی میللەتی کورد بووە کاری لە شاعیر کردووە، بوونەتە هۆی نووسینی شیعری و دەبڕینی ئەو هەستە ڕەشبینییەی. خەم و کێشەو گرفتەکانی ژیان وایان لە شاعیر کردووە هیچ هیوایەک و ئومێدێکی بەژیان نەمێنێت باڵی رەشی خەم و ڕۆژانی پرلە کێشە لە ڕۆژەکانی ژیانیدا مەودایان بۆ شاعیر نەهێشتۆتەوە بۆ حەزکردن لە ژیان و خۆشەویستی وەک دەڵێت:

ژیان و ئەرکی ناخۆشی پەپوولەی ئارەزووی کوشتم
شەرابی جامی دڵداری، لە تافی لاوییا ڕشتم
تەمی ڕۆژانی پڕمەینەت، وەها تاریک و چڵکن بوو

نیگاری خۆشەویستی دڵ، پەری ئاسایی، تیا ون بوو
(هەردی،1984، 79)

خەم و رووداو کارەساتە ناخۆشەکان شاعیریان تووشی هەڵچوون کردووە، ئەو ئازارە لە دەروونی دا پەنگی خواردۆتەوە و مەبەستی بووە به شیعر دەریان ببڕێ ، هەردی لە ژیانیدا تووشی چەندین کارەساتی جەرگ بڕ هاتووە کە بۆتە هۆی دروستبوونی هەستی ڕەشبینی لە لای ، لەم بارەیەوە شێرکۆ بێکەس بۆمان باس دەکاتوو دەڵێت:((من چەند جارێکیش لە ژیانی خۆمدا ئەوم بە پەستی و و نیگەرانی دیوە و دواتریش بەسەریدا نەخۆش کەوتووە ، یەکەمیان :ئەو ساتەی کوڕە گەورەکەی (دارا) بوو بە کارەباوە و گیانی لەدەست دا . دووەمیان:دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و تەسلیمبونەوەی پێشمەرگە بە ئێران و بە عێراق )) (بێکەس، 2000، 5) کارەساتی گیان لە دەست دانی (دارا)ی کوڕە گەورەی لە ساڵی (١٩٦٢)، ئەم کارەساتە دڵتەزێنە کاریگەری لەسەر ئەحمەد هەردی هەبووە زۆر خەمباری کردووە لە مەراسیمی ناشتنەکەی لەسەر گۆڕی دارای کوڕی، شیعرێکی خوێندۆتەوە کە پێشتر شیعرەکەی بۆ کچێک وتووە بەناوی مەهتابی شێخ جەلالی شێخ ڕەشید، کە لە هەرەتی لاوییەتیدا کۆچی دواییکردووە، لەساڵی ١٩٥٩ دا، بەڵام بە خۆشەویستی کوڕە جوانەمەرگەکەی لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەیدا ئەم شیعرەی دووبارە خوێندۆتەوە و پێشکەشی ئامادەبوانی ناشتنەکەی کردووە، بە قورگێکی پڕ گریانەوە وتی:

کە رابوردی بە ئەسپایی، لەسەر ئەم گۆڕە پێ دانێ
کە مەهتابێکی تێدایە، مەگەر ئەو خوایە بیزانێ !
لەباخی خۆشەویستدا، گوڵاڵەی نەوجەوانی بوو
کەچی کاتی گەڵاڕێزانی ئەو، هێشتا بەیانی بوو !
(هەردی،1984، 91)

هەردی جگە لەوەی کارەساتی گیان لەدەستدانی کوڕەکەی غەمبار و نائومێد و ڕەشبینی کردووە، مردنی کەسە نزیکەکانی و ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی بەسەر هاوڕێکانیدا هاتوون غەمباریان کردووە، بەهەمان شێوە کاریگەرییان لەسەر دڵ و دەروونی هەبووەو پەرێشانیان کردووە.

هەردی چەندین چوارینی بۆ سەر کێلی گڵکۆی ئازیزانی نووسیوە بە جۆرێک وا هەست دەکەی کە کەسێکی وانێزیکی خۆی مردووە ، بێگومان شاعیر خۆی لەناو کارەسات و ڕووداوەکان بینیوەتەوە ، چونکە خۆشی دووچاری مردنی کوڕەکەی

بۆتەوە بۆیە توانویەتی بەمردنی هەرکەسێک ئەو هەستە خەمباری و نائومێدی و ڕەشبینیی بۆ مردنی ئەوانیش دووبارە بکاتەوە و له شێوەی شیعر دەربیبڕێ هەندێ لەو چوارینانە بەنموونە وەربگرین : بۆ مردنی «کەمالی جەلال سائیب» ، کە لە ١٩٣٨/٧/٢٤دا لە ڕانیە کووژراوە کە مردنەکەی هەردی خەمبار کرددوە بە شێوەیەک ئازاری دەروون و دڵی دواوە ئەو وشانەی لەو چوارینەدا بەکاری هێناوە هەمووی گوزارشتە لەو هەستە ڕەشبینیی شاعیر وەک دەڵێت:

بای ئەجەل هات و لەناکاو، دەفتەری ژینی دڕیم

تاکوو دوێنێ خونچە بووم ئەمڕۆ بە ناحەق هەڵوەریم!

وەک برووسکە نەونەمامێ داڕنێ، وەختی چرۆ

هات و گوللەی وێڵ لە ناکاو بێگوناهـ جەرگی بڕیم!

(هەردی،1984 ،90)

لە شیعرێکی تردا کە (بۆ موحەممەد کەریم) نووسراوە کە بەهۆی بەئەکام نەگیشتن و پشت تێکردنی خۆشەویستەکەی و وازهێنانی لیی خۆی کوشتووە ،بەجۆرێک واهەست دەکەی شاعیر خۆی لەناو ڕووداوەکادا بووە و شاعیر لە زمانی ئەوەوە ئەو هەستە ڕەشبینییەی دەردەبڕی و دەڵێت :

برام وا تێ نەگەی ئاخم، لە داخی نائومێدیمە

ئەگەرچی زامی سەرسەنگم نیشانەی جوانەمەرگیمە!

بەڵام بۆیە دڵم بەر گوللە دا، زانیم کە چی تیایە

دڵێ وێنەی کچی تیا بێ، نەمانی باشە بۆ چیمە؟!

(هەردی،1984 ،90)

بە گشتی ئەحمەد هەردی لە ژیانی دا دووچاری گەلێک هەوراز و نشێو و کارەساتی جەرگ بڕ هاتووە هەر لە مردنی خوشک و براکەی، کە بە تاقانەیی ماوەتەوە و مردنی دایکی بەنەخۆشی لە سەرەتای تەمەنی هەردی دا ،پاشان مردنی باوکی، پاشان مردنی کوڕە گەورەکەی بە ڕوداوێکی کارەساتبار، مردنی کەسە نێزیک و خۆشەویستەکانی ، بەهۆی بیروباوڕە سیاسی و نیشتمانپەروەرییەکانی توشی ئاوارەیی و زیندانیکردن و هەڕەشە و دوورخستنەوە و لە کار لادان و نان بڕین و دەردەسەری زۆر هاتووە لە ژیانیدا ، ڕەنگە هەموو ئەو هۆکارانە کەم نەبێت لە دروستکردنی هەستی ڕەشبینی لەلای لە ژیان و شیعرەکانیدا.

**2- باردۆخی میللەت لەڕووی ( سیاسی و نەتەوەیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی):**

هەردی هەر لە منداڵییەوە جۆش و خرۆشی لە گەڵ بیری نەتەویی هەبووە ، چونکە لە سەردەمێک چاوی هەڵهێناوە کە سەردەمی شۆڕشی (شیخ محمود) بووە و سەرسامی بووە و لەو کاتەی لە بەغدا دەست بەسەر بووە سەردانی کردووە، گرِوتینێک و هەستی نیشتمانی کوردانەی بەرزی هەبووە ، لە ساڵی 1944 ئاشنای بیروباوڕی چەپ بووە و لەڕێگەی خوێندنەوە شارەزای بیروباوەڕی مارکسی بووە و دواتر بایەخی بەرێبازی ڕیالیزم داوە هەروەک هەردی خۆی بۆمان باس دەکات و دەڵێت: (ئاشنایەتیم لەگەڵ رێڕەوی (ریالزم)دا ئەگەڕێتەوە بۆ سالآنی(1946) و دواتر ،بەڵام ئاشنایەتیم لەتەک بیروڕای چەپیدا ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1944) واتە پێشتر .ئەمەش شتێکی سەیر نییە ، چونکە باردۆخی سیاسی ئەوسای عێراق، وایکردبوو کە ئەوانەی بیر و ڕایەک بڵاو ئەکەنەوە ،لە پلەی یەکەمدا بایەخ بدەن بەشیکردنەوەی لایەنی سیاسی ئەو بیر و باوڕە ،پێش ئەوەی گوێ بدەنە ڕیبازە ئەدەبیەکەی )(هەردی،1989 ،71) دیارە هەردی سەرەتا لەڕێگەی خوێندنەوە کاریگەر بووە بە بیروباوەڕی مارکسی و بە دروشم و پەیڕەوەکەیان کاریگەر بووە، دواتر ئەو کاریگەرییەی گواستۆتەوە مەیدانی ئەدەب و لە شیعرەکانی ئەو قۆناغەی ڕەنگی داوەتەوە وەک: لە شیعرەکانی(ئازادی خوای کوردین ئێمە، شین بۆ شەهیدانی (19)ی حوزەیرانی 1947، هەڵبژاردن 1947،ئاگری سوری ئیرهابی عورفی...هتد).ئەگەر چەند دێرەک وەربگرین لە شیعرەکەی کە بە بۆنەی هەڵبژاردنی 1947 ئەنجام دراوە، دەبینین شاعیر لە خەمی میللەتەکەی بووە، کە خوێنی شەهیدەکانیان لەیاد نەچێ و کەسێکی شیاو هەڵبژێرن شاعیر دەیەوێ میللەتەکەی هۆشیاربێتن و لە بارودۆخە سەختەکەی ژیانیان ئاگاداریان بکاتەوە وەک لە بەشێک لە شیعرەکەدا هەردی دەڵێت:

دەستم دامێنت ئەی میللەت ! لەخۆت هەرگیز نەبی بایی
نەهێڵی خوێنی لاوانت ئەبەد بڕوا بەخۆڕایی
بەڵێ ئەو خوێنە تۆ ڕشتت لە جەرگەی کۆڕی مەیدانا
هەزاران مۆری عاری نا بەڕوی میللەت فرۆشانا
بەڵام هێشتا گەلێ کۆت و گەلێ پێوەند لە پێتایە
ریگا ناخۆش و دژوارە ، دزو جەردە لە ڕێتایە
(کاکەی فەللاح،1987 ،143 )

بەڵام دیارە هەموو هەوڵەکانی شاعیر بێسود دەبێتن، کەسێکی شیاو هەڵنابژێرن کە لە ئاست سەختی دۆخی ژیانیان بێتن لە زۆربەی بوارەکانی ژیانیانەوە.هەموو ئەو دۆخە

سەختیانەی میللەت ، خەم هەڵگرتنی شاعیر لەو بارودۆخە سەختەی میللەتەکەی شاعیری بەرەو نائومێدی و ڕەشبینی بردووە وای لێکردوە تەواو بێ هیوابێتن هیچ بڕوایەکی بە شیعری سیاسی و نەتەوەیی نەمێنێت .

ئەحمەد هەردی دوای ئەوەی بێ هیوا بوو  لە حیزبی شیوعی و بیرو باوڕەکەی بەرەو ڕەشبینی هەنگاوی نا بەوەی هیچ ئومێدێکی بە سیاسەت و شۆڕش نەما ،چونکە شاعیر هەستی کرد و بۆی بەدەرکەوت کە باسی ئومەمیەت (یەکبونی گەلان) دەکرێ لەناو حزبی شوعی وەکو کوردێک باسی هەردی دەکرێ جیاوازی دەکرێ لەنێوان کورد و عەرەب پێچەوانەی پرۆگرامی شوعیەتە بۆیە بۆی دەرکەوت ئەو دروشمانە هەموی درۆ و هەڵخەڵەتاندنە هیچ پەیوەندییەکی بەنەتەوەی کوردەوە نەبووە و هەرچیشیان لەو پێناوەدا کردووە بێ ئەنجام و دەستکەوت بووە، لەو پێناوەدا  تەنها کات بەفیرۆدانیان بۆ ماوەتەوە بۆیە بڕیاری وازهێنانیدا  لە حزبەکەی و بیروباوەڕە چەپەکەی ڕەنگە ئەمە هۆکارێک بێتن بۆ دورکەوتنەوەی لە سیاسەت ، هۆکارێکی تری ڕەشبینی  لەلای هەردی و دورکەوتنەوەی لە بیڕوباوەڕی نەتەوەیی لێدان و قەدەغکردنی بزوتنەوەی نیشتمانی بوو لەو سەردەمەدا (لە کارەساتی دوای ڕاپەڕینەکەی کانونی یەکەم ساڵی 1948 لێدانی بزوتنەوەی نیشتمانی و حیزبە پێشکەوتنخواز و دیموکراتیەکانەوە ، شاعیر پشتی کردە سیاسەت و کونجی گۆشەگیری گرت و لێرە بەدواوە ، لەبابەتی ریالیزمی شۆڕش گێرانەوە روی کردە قۆناغی بابەتی شیعری رۆمانسی) (کاکەی فەللاح،1987، 145) بەو واتایەی هەردی بەهۆی ئەو دۆخە نەخوازراوانەی ئەو سەردەمە بە تەواوی لە سیاسەت و بیروباوەڕی نەتەوەیی نائومێدبوو، نائومێدیەکەشی لە ئاستێک دابوو  کە هەنگاوی بەرەو ڕەشبینی ناوە، نموونەی شیعری ئەم قۆناغەی، کە بێئومێدی و ڕەشبینییەکی تەواوی تێدا بەدی دەکرێ بەرامبەر بە میللەت و گەلەکەی کە نەیانزانیوە گەورە و سەرۆکی خۆیان هەڵبژێرن کەسێکیان بەسەردار و گەورە داناوە شایەنی نییە و میللەت و گەل وەکو کاڵایەک سەیر دەکات و کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکات لەپێناو ڕازیکردنی دوژمنی گەلەکەی ، داهاتی خەڵکی بەفێڵ و دزی و توشی نەهامەتی کردن، وەک هەردی دەڵێ:

ئەوەی خوێنی هەژارانی مژی و ناموسی ژێر پێ نا
بەفێڵ و جەردەیی پارەی لە چەنگی خەڵکی دەرهینا
بەزۆر تۆ ناوت نا (سەردار)و ئیمانیشت پێ هێنا
هەتا خاکی بەدیل گرتیت و ئیستعماری تێ هێنا

قوڕی بۆت گرتەوە و ئەوسا سەری بەدبەختی تۆی تێنا (کاکەی فەللاح،1987، 144 )

هەردی پێشتر ئاشنایەتی لەگەڵ ڕۆمانسیزم هەبووە وەنەبێ یەکمجاری بێتن روو لەو ڕێبازە بکات، دەقە شیعرە بە هەست و سۆزەکانی پێشتری بەڵگەی ئەو ڕۆمانسیزمەن،بەڵام لەگەڵ ئەو دۆخە نەخوازراوەی دا بەگوروتینێکی زیاترەوە باوەشی بەرۆمانسیزمدا کردەووە، بەجۆرێک هەست و سۆزەکانی دەروونی تێکەڵ بە رەشبینی ڕۆمانسیزم کرد ، ئەم هەستە رەشبینیی و ڕەخنەگرتنەی لە دۆخی سیاسی و نەتەوەیی پێچەوانەی بیروباوڕی پێشتری بوو وەک لە شیعرەکانی ئەو قۆناغەی ئەو هەستە نائومێدییە دەبینرێت و ڕەنگدانەوەی هەیە بە تایبەتی لە شیعری (تەپڵی بەتاڵ) ئەو دۆخە ڕەشبینییەی دەبینرێت (ئەمە هەڵچوونێکی دەروونی و وێنەیەکی تووڕەی باوەڕپێکراوی سەردەمێکی ژیانی ئەم شاعیرەمانە، کە ئەم فرمانە بەربڵاو و دەمبڕانە ی تێدا دەرکردووە، کە ڕاست و ڕاست،بێگرێ و گوڵ، وێنەی تێک شکانی سیاسی و بڕوانەمانی بە بنچینە و بنەڕەتییە بیری و فەلسەفەیەکانی جارانییە و تەواو پێچەوانەی قۆناخی پێشوویەتی)(کاکەی فەللاح،1987، 146) بەو هۆکارەی شاعیر لە جیاتی هاندان و پشتگیرکردنی بۆسیاسەت و حزبایەتی و بیروباوەڕی نەتەوەیی ، بە پێچەوانەوە لەم شیعرە دا هەست بە خەمباری و نامۆیی دەکرێت لەلای، باس لەو دروشمە درۆ و نەتەوەییانە و ئەو ناوە بێ ناوەڕۆکانە دەکا کە خەڵکیان پێ هەڵخەڵەتاندوە لە راستیدا وەکو تەپڵێکی بەتاڵن و هیچ لەبارنەبوون، وەک هەردی بۆمان باس دەکات دەڵێت:

وەمزانی کە نامووس و حەیا نرخی کوڕانە
ڕاستگۆیی، وڵات پەروەری ئەنجامی ژیانە
نەمزانی براکەم، هەموو ئەم ناوە زلانە
وەک تەپڵی بەتاڵ، گەرچی زل و گەورەیە دەنگیان
دەسکردی خەیاڵن لە ژیانا نییە ڕەنگیان!
چەند ساڵە لە ڕێی ئەم گەلەدا، من کە ئەسووتێم
کەس نرخی نەزانیم و هەتا تێنەگەیی لێم
ساشەرتە کە میللەت ئەمە بێ، بیخەمە ژێر پێم
هەرچەندە بەسەر زاری ئەبێ گەل مەبەسم بێ
بۆ شوێنە ونی بەرزیی ئەو گورزی دەسم بێ ! (هەردی،1984، 72-73)

هەرچەندە هەردی لە تێڕوانینە سیاسی و نەتەوەییەکانی نائومێدی و ڕەشبینی جۆرێک لە دوورکەوتنەوە و هاندانە نەتەوەییەکە دەبینرێ، ڕوو لە ڕەخنەگرتن و

سەرزەنشتکردنی ئەو دۆخە دەکا ،بەڵام هەرگیز پاشەکشەی لە ماف و ئەرکەکانی بەرامبەر بەگەل و نەتەوەکەی نەکردووە نەبۆتە چاوساغی بێگانە و دارو دەستە بەکرێگیراوەکانی، هەرچی کردبێتن لە خەم و بەدەمەوەهاتنی گەلەکەی بووە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و ڕزگاربونیان لە چەوسانەوە.

دورکەوتنەوە و نائومێدی و ڕەشبینیەکەشی لەخەمی گەلەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەندە لە خەمی سەختی ژیانی خۆیدا نەبووە هەرچەندە لە ژیانێکی سەختی ئابوری ژیاوە و وەکو هەموو کەسێکی ئەو سەردەمە باردۆخە ئابوری و هەژارییەکە کاریگەری لەسەر شاعیر هەبووە و لە زۆرێک لە شیعرە سیاسی و دڵداریەکانیدا لەتەک جیاوازی کۆمەڵایەتیدا باسی دۆخی ئابوری هەژاری کردووە ، باسی ئەو زوڵم و ستەمەی کردووە کە لە هەژاران و بێدەسەڵاتانەوە دەکرێ لەلایەن ئاغای زۆردار و کەسانی بەدەسەڵات و دەست ڕۆیشتووە ، کە هەمیشە هەژاران دەچەوسێنەوە و بە جۆرێک ژیانیان لێ هەراسان دەکەن بۆ پەیداکردنی نانێک ، هەردی خۆشی لەو دۆخە سەختە ئابووریە ژیاوە ، بەڵام هەرگیز لە خەمی خۆیدا نەبوە و زیاتر لە خەمی کەسانی ناو میللەتەکەی دا بووە ، بەڵام خۆشی وەک و کەسێکی ناو میللەتەکەی بێبەش نەبوە لەو هەژاری و دۆخە سەختە ئابووریە بە ناڕاستەخۆ ئەو دۆخە کاریگەری لەسەر شاعیر هەبووە و ئەو هەستە نائومێدی و ڕەشبینییەی لەلا دروست کردووە چەند جارێک بەهۆی بیرو باوەڕە سیاسی و نەتەوەییەکانی لە کارەکەی لادراوە نان بڕاو کراوە یان ئەو دۆخە هەژارییە لە چەند ئەرک و ماف و خۆشەویستی و ژیانێکی شایستە دوری کردۆتەوە بە جۆرێک ڕەنگدانەوەی هەبووە لە دروستبونی هەستی نائومێدی و ڕەشبینی لەلای لە تێڕوانین و بیرکردنەوەی دا خۆشی لە پەخشانی (ئەوساکە چۆن بویت؟!) باسی دۆخی هەژاران دەکات و لە بەشێکی دا دەڵێت:

(بەڵی لە هەموو شتێکا هەر هەژاری قوڕبەسەر ماڵ وێرانە :گرانی ئەبێ هەر ئەو ئەمرێ لە برسانا ،شەڕ ئەبێ هەر ئەو ئەکەن بە(باڵباز)، ئاگر ئەکەوێتەوە هەر خانوی ئەو ئەسوتێ ،لافاو هەڵ ئەستێ هەر خانوی ئەو ئاو ئەیبا ، نەخۆشی پەیدا ئەبێ هەرماڵ و منداڵی ئەو ئەبێ بە قوربانی ، لەگەڵ ئەوەشا شەو و ڕۆژ تەقەلا ئەدا بۆ ئەوەی ڕۆژێک وەکو ئادەمیزاد بە بەختیاری بژی ، کەچی دەمێک دەرد و نەخۆشی ، دەمێک بێ دەرامەت و بێ دەستی ، دەمێک بەر بەرەکانی دەوڵەمەند ڕێگەی لێ دەبڕێتەوە)(هەردی ، 1943، 6).

لێرەدا نائومێدی و ڕەشبینییەکی زۆر لە بۆچوونەکانیدا دەبینین، بە جۆرێک هەموو کارەسات و ڕووداوەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی ئابوری و هەژاری و کە لای شاعیر سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانە. کە هەژاری بۆتە هۆی ئەوەی هەموو هەوڵدان و ئامانجێکی لەژیان بێسود بێتن و ئەو دۆخە هەژارییە بۆتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی هەستی نائومێدی و ڕەشبینییەکی تەواو کە هیچ ئومێدێکی نەمێنێ بەژیان لەبەر هەژاری و سەختی دۆخی ئابوری. لە شیعرەکانیدا باسی کردووە و ڕەنگدانەوەی هەیە وەک دەڵێت:

میللەتیش ڕوت و عوریان بێ

موحتاجی یەک پارو نان بێ

لەگەڵ ئەو قەومە یەک جۆرین

دوژمنی ئاغای خوێن خۆرین (کاکەی فەللاح، 1987، 140 )

یان لە شیعرێکی تر باس لەوە دەکات کە نان نییە لە زۆربەیماڵەکان، ئەگەرباسی دۆخی سەخت و ژیانی بێ نانی و گوزەرانی خراپی خۆت بکەی ئەوە دەسەلات و بەکرێگیراوەکانی تاوانبارت دەکەن بە وەی بە هۆکاری جیاوازی بیری سیاسی ئەو نارەزاییە دەردەبری.

گـــرانـــی وەهـــا پێی لێهەڵبڕی

لەگەلێ ماڵا نـــانـــی جـــۆ نـــیە

هەرکەسێ شـــەکوای حاڵی دەربڕێ

یـــا شیوعیە یا سەهیـــۆنیـــە (کاکەی فەللاح، 1987، 144 )

ئەحمەد هەردی لە هەندێ لە شیعرەکانیدا لە باسی خۆشەویستیی و دڵداریدا باسی دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و جیاوازی چینایەتی دەکات لەبەردەم خۆشەویستیدا کە ئەو دۆخە ئابوری و هەژاری و کۆمەڵایەتییە شاعیریان بێئومێد کردووە نەگیشتۆتە خۆشەویستەکەی (هەردی وەکو مرۆڤێکی پەروەردەکراوی دەستی ئەو کۆمەڵە ، بەهەموو خورەوشت و نەریتێکەوە بی ویستایە و نەی ویستایە سلبیاتی کۆمەڵە دواکەوتووەکەی و پەروەردە نەخۆشەکەی لە فیکر و دەروونیا ڕەگ و ڕیشەی داکوتابوو ،هەردی وەکو شاعیرێک خاوەن هەستێکی ناسک بووە و لە مرۆڤە ئاسایەکانی دەوروپشتی زیاتر هەستی بە ئازارو ئێشی کۆمەڵەکەی کردووە ،ئەو بیرو ئایدلۆژیەتە پێشکەوتوو خوازەی باوەڕیشی پێی هەبووە هێندەی تر هۆشیاری (هەردی) قووڵ کردۆتەوە و زیاتر هەستی بە ئازار و چەوسانەوەی کۆمەڵەکەی کردووە ،ئەم

هەستە قووڵەش هەندێ جار تووشی کێشەیەکی ئازاراوی فیکری و دەروونی کردووە ،هەر ئەم کێشەیە بەرەو دوو دڵی و گومان و ڕەشبینی بردووە ، ئەم ڕەشبینیەش دیاردەیەکی ئاشکرایی شیعرەکانیەتی )(شیرین، 1979، 73) ئەحمەد هەردی لە شیعرەکانیدا بابەتی ئافرەت و دڵداری بە ناکۆکی جیاوازی جینایەتی و کۆمەڵایەتیەوە پەیوەست کردووە. بەو واتایەی دڵداری تەنها بۆ ئەوانەیە کە خاوەنی سەروەت و سامانن هەژارەکان بێبەشن لە دڵداری لە کۆمەڵگاکەی دا خەڵک کچ دەدەنە کەسێک کە سەروەت و پارەی هەیە نەک هەژارێک ،ئەو کەسە ناتوانێ کچەکە دڵخۆش بکات ،هەردی ئەو دیاردەی چینایەتییە کۆمەڵگاکەی دەروونی خەمبار و نائومێد دەکاو بەرەو ڕەشبینی دەبات، بەجۆرێک ناتوانێ گوزارشت لە خۆشەویستییەکەی بکا ،چونکە هیچ سەروەت و سامانێکی نییەو ئەو کاتە بێ ئیش بووە ،خۆ ئەگەر بەپێچەوانەوە بایە هەردی خاوەن سامان بایە توشی سەرسوڕمان و سەرلێشێوان نەدەهات لەبەردەم (ست فاتمە)، بەئاسانی گوزارشتی لە هەستەکانی دەکرد و داوای خۆشەویستی لێدەکرد ،بەڵام هەژاری هەردی و دەوڵەمەندی کچەکەو دیاردەی چینایەتی لە کۆمەڵگاکەی بونەتە ڕێگر لەبەردەمی خۆشەویستیەکەی وەک لە شیعری (چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتمە) دەڵێت:

گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە
هەر بەتەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و عانەیە
...................
زۆر کەڕەت هانم ئەدا داخی دەروونی پڕ گڕم
بۆتی هەڵڕێژم سکاڵای ناسکی گەرم و گوڕم
داخەکەم کاتێ کە دێمە بەردەمت، واقی وڕم
وام ئەشێوێنێ بە جۆرێ نایەڵێ هیچ دەربڕم (هەردی،1984، 69)

لە شیعری (دوو چەشن دڵداری ) سەرکۆنەی ئەو بیرو باورە چەوتە دەکات چ ئەوانەی ئافرەت وەک و کاڵایەک تەماشا دەکەن و هەرکە ئیشیان پێی نەما فەرامۆشی دەکەن ،چ ئەو ئافرەتانەی بەدوای سەروەت و سامان وێڵن و هەست بەو مەترسیە ناکەن وەک دەڵێت:

چونکە ئەیزانم تەلاری یارە خواپێداوەکەت
مەستی کردووی، بۆیە نابینێ لە عاستم، چاوەکەت
.........

کچ لەلای ئێمە گوڵێکە، بۆیە پەروەردەی ئەکەن
تا برازێنێتەوە مێزی شەرابی دەوڵەمەن
چونکە وەک گورگێکە، مەیلی ئەو لەش و لارەت ئەکا
ئەو بەتەنیا بۆ گوڵی سەر مێزی بادەی تۆی ئەوێ
هەر کە جارێ بۆنی کردی، جا گوڵێکی نوێی ئەوێ
ئەو، گوڵی بۆ مێزی بادە و پۆکەر و یاریی ئەوێ
واتە تۆی بۆ تێپەڕینی کاتی بێزاریی ئەوێ
من، گوڵم بۆ تووی باخی ژین و دڵداری ئەوێ
یانی من، تۆم بۆ ئەوینی عومری یەکجاری ئەوێ
تۆم ئەوێ وەک گوڵ لە باخی ماڵی مندا هەڵبدەی
نەک گوڵی سەرمێزی ئیمڕۆ بیت و پێخوستی سبەی (هەردی،1984، 70-71)

بەسەرنجدان لەم شیعرەی شاعیر، کە بە ناونیشانی (دوو چەشن دڵداری )یە دەبینین شاعیر باس لەو جیاوازییە چینایەتییە دەکات، کە لە نێوان کەسانی خاوەن سەروەت و ماڵ، لەگەڵ کەسانی هەژارو نەداری کۆمەڵگەدا هەیە، ئاماژە بەو دیاردەیە دەکات کە خۆشەویستی لای کەسانی دەوڵەمەندو خاوەن پارە تەنیا بریتیە لە حەزێکی کاتی و حەزی جەستەو بە کالاکردنی ئافرەت، بە پێچەوانە لای شاعیر ئافرەت بە واتای خۆشەویستی و بەیەکەوە ژیان و بەختەوەری دێت.

### 3-بەئاکام نەگیشتن لە خۆشەویستی دا :

زۆرکات مرۆڤ ناگات بەو ئامانج و ئاکامەی هەوڵی بۆ داوەو شکست دەهێنێت ئەو کات تووشی نائومێدی دەبێت((کاتێک ویست و ئارەزووەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئەو بارو دۆخەی کە هەیە نەگونجاوبێ ئەو مرۆڤە لەویست و ئارەزووەکانی دەروونی خۆی سەرکەوتوونەبێت دووچاری بێ ئومێدی دەبێت ))(فرۆید ،2010، 116)ئەم نائومێدییە کاریگەری لەسەری دەبێت، دوور نییە بۆ داهاتووی لەسەر رەفتارەکانیدا رەنگ بداتەوە، بەڵام کاتێک سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت گەشبینی و ئومێد باڵی بەسەردا دەکێشێت و تامەزرۆیەکی زیاتری بۆ ژیان تێدا بەدی دەکرێت و ئەمەش وا دەکات کاروبارەکانی ژیانی بە وزەیەکی زیاترەوە ئەنجام بدات. فرۆید هۆکاری نائومێدی مرۆڤ دەگەڕێنیتەوە بۆ کۆت وبەندی کۆمەڵایەتی و ئەو بەربەستانەی کە کۆمەڵگا دەیسەپێنێت بەسەر تاکدا ((نائومێدی مرۆڤەکان بۆ چەندین کۆت و پێوەندی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە

کە هەر لە منداڵیەوە دەخرێتە گەردنی مرۆڤەکان، ئەو کۆت و پێوەندەش وا لەمرۆڤ دەکات کە دوورە پەرێز و نامۆبێت))(فروید،1981، 16)، بەو واتایەی هۆکاری نامۆییەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ خراپی کۆمەڵگا کە خواست و ئارەزووەکانی تاک سنووردار دەکات بەهۆی ئەو هەموو کۆت و بەندەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە دەبێتە کۆسپ و لەمپەرێکی زۆر لە گەیشتنی شاعیر بە داخوازییەکانی لە نێویشیاندا گەیشتن بە خۆشەویستەکەی. چونکە ((فراوانترین بابەتی شیعری ڕۆمانتیکی سۆز و خۆشەویستیە ، شەقڵی گشتیی ئەم بابەتەش خەم و ناڕەزایی دەربڕینە لە بێ وەفایی دولبەر، زۆر بەدەگمەن باسی چێژ و خۆشی... دەکات بەوە بەناوبانگە کە پڕیەتی لە کۆسپ و تەنگوچەڵەمە، یاسا و دابونەریتی کۆمەڵایەتی بەسەریدا زاڵە))(هیلال، 1981، 197) بەمەش تاک ناتوانێ هیواو ئارەزووەکانی بهێنێتە دی و توشی نامۆیی و گۆشەگیری لە کۆتایشدا بەرو نائومێدی و ڕەشبینی هەندێک لەم شیعرانە لە ئاگایی و ڕۆشەنبیرییەکی قووڵەوە نوسراون و هەندێکی تریش لەوانەش هۆکارەکەیان کێشەی سۆزداری و بەئاکام نەگیشتنە لەگەڵ خۆشەویستەکەیاندا و دەردەدڵ و خەمی نەگونجان و ئارام نەبوونیانە لەو شوێنەی تێیدا دەژین((یەکێک لە هۆیەکانی درووستبوونی خەم و پەژارەش هەرەس هێنان و سەرنەکەوتنە لە ئەزمونی خۆشەویستیدا))(اسماعیل، 1963، 8)ئەگەر باس لەسەر لایەنی نائومێدی و ڕەشبینی لە دەقی شیعریدا بکەین ، مرۆڤ وەک بونەوەرێکی ژیان دۆست، هەمیشە زۆرێک لە هەوڵەکانی لە پێناو گەڕاندا بووە بە دوای حەز و و ئارەزووە تایبەتییەکانیدا، جا بە هەر جۆر و شێوە و نرخێک بووبێت. خۆ ئەگەر لە هەر چرکەیەک و لەهەر قۆناغێکی ئەو گەڕانەدا نەیتوانیبێت بەم ئامانج و ئاکامەی بگات، ئەوا تووشی جۆرێک لە شکست و نائومێدی بووە لە ناخی خۆیدا((شاعیران بەگشتی چەند لە بواری تردا هێز و توانا و دەسەڵاتی خۆیان دەرخستووە و شانازیان پێوە کردووە ، هێندەش بێهێزی و پەرێشانی خۆیان لە ئاستی یارەکانیان دەرخستووە و وەک کۆیلەیەک لەبەردەمیانا بەچۆکدا هاتوون و زۆربەشیان خۆشەویستەکەیان بەرز کردۆتەوە بۆ رادەی پەرستن . بەم دەربرینەش ئاسودەبوون و شانازیان بەو هەموو فیداکاری و خۆبەکەم زانینەوە کردووە))(عبدالدائیم، 1966، 175) شاعیریش وەک کەسێکی ئەو گۆمەڵگایە ڕەنگە بۆ بەتاڵبوونەوە و دەربڕینی ئەو نائومێدییەشی شیعر بەباشترین ڕێگا بزانێت تاکو ئەو نائومێدەیی خۆی دەرببڕێتن.

ئەگەر سەیری شیعرەکانی ئەحمەد هەردی بکەین دەبینین زۆرینەی لە دەوری خۆشەویستیەکی ناکام دەسوڕێتەوە بەجۆرێک هەموو هەست و سۆزە دەرونییە خەماوییە نائومێدییەکانی شاعیر لەوە سەرچاوەی گرتووە ،کە یارەکەی گوێ بە ڕاز و نیازی شاعیر ناگرێ، کە دوای خۆشەویستی و دڵداری لێدەکات ، هەرچەندە شاعیر هەموو هەوڵێکی داوە بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی ، بەڵام هەموو هەوڵەکانی بێسود بووە و ناوی دیوانەکەشی (رازی تەنیایی) لەوەوە سەرچاوەی گرتووە واتە شاعیر گوزارشتی لەو تەنهایی و خەم و نائومێدی و ڕەشبینییە کردووە کە لە بە ئاکام نەگیشتنی خۆشەویستەکەی ڕوو بەڕووی بۆتەوە ،لەم بارەیەوە هەردی خۆی دەڵێت: ((من هەرگیز شیعرم نەکردووە بە پیشەیەکی هەمیشەیی ، بەڵکو ساڵی جارێک یان دوو جار لە باردۆخێکی تایبەتی دا شیعرم داناوە یان بڵێین :رازی دڵی خۆمم تێدا دەبڕیوە)) ( هەردی، 1984، 30) شاعیر حەزی نەکردووە ئەو تەمی خەم و نائومێدی و ڕەشبینیە کارلە گەنجان بکات و بیرکردنەوەی وانیش بەرەو ڕەشبینی ببات وەک هەردی خۆی دەڵێت:(بەڕاستی لە ساڵی ١٩٥٧دا خۆم هاتبوومە سەر ئەو بیرە و بۆ ئەوەی خوێنەرانی «ڕازی تەنیایی» ئەو تەم و مژی نائۆمێدی و ئاوازە گریاناوییەی شیعرەکان کاریان تێ نەکەن، حەز ناکەم بە من بێت، گوێی هیچ گەنجێکی کورد بەو چەشنە ئاوازانە بئاخنرێ کە سەر تا پا بۆ ئافرەت و دڵداری ئەلاوێنێتەوە)( هەردی، 1984، 11) ئەو سەرنەکەوتنەی شاعیر لە ئەزمونی خۆشەویستی دەتوانین بڵێین بۆتە هۆکارێکی سەرەکی نائومێدی و رەشبینیەکەی، کە کاریگەری تەواوی بەسەر ژیانییەوە هەیەو هەموو ئەو هەست و سۆزە دەرونییانەی ناخی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە هەر لە (تەنیایی و نامۆیی و خەم و خەمۆکی و نائومێدی...هتد)سەرنجام هەموو ئەو هۆکارو پاڵنەرو هەڵچونە دەرونییانەی شاعیریان بەرەو ڕەشبینی بردووە لە شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەیە، جۆرە تێکەڵکردنێکی هەست و سۆزی پەنگخواردووی ناخ و دەروونی تێکەڵ بە ڕەشبینی رۆمانسی کردووە کە زیاتر هانی داوە گڕوتینێکی زیاتری پێبەخشیوە کە بە شێوازێکی کاریگەرتر بۆ گوزارشتکردن لەو شێوازە ڕەشبینیی خۆی ، هەرچەندە شاعیر مەبەستی بووە وانیشان بدات ئەو شێوازە ڕەشبینییە کاریگەری ڕێبازی رۆمانسیزمە لەسەری ، نەک ئەزمونی خودی خۆی یان ئەو نائومێدی و خەمەی خۆی نایەوێ خۆشەویستەکەی تاوانبار بکات دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەختی و دژواری ژیان ،بەڵام لە شیعرەکانیدا ئەو تەمی خەم و نائومێدیە بەڕون وئاشکرا هەست پێدەکرێ، لە نەگەیشتن بەخۆشەویستەکەی، شاعیر دوچاری ئەو دەردە بۆتەوە، وەکو

فاكتەرێکیی سەرەکی لە شیعرەکانیدا روون و ئاشکرا بەدیار دەکەوێت. شاعیر ئەزمونە بەئاکام نەگیشتنەکەی خۆی، کە دووچاری ڕەشبینی کردووە دواتر تێکەڵی ڕەشبینی رۆمانسی کردووە، کە گروتینێکی زیاتری بە شاعیر داوە تاکو بە شێوازێکی کاریگەر ئەو هەست و سۆزە دەرونیانەی شاعیر لە ئەنجامی ئەوەی بە خۆشەویستەکەی نەگیشتووە تووشی تەنهایی و خەم و نائومێدی و ڕەشبینی هاتووە ئەمەش لە دەقە شیعریەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە.

شاعیر لە شیعری (بێ ئارامی) گوزارشت لە هەست و سۆزی خۆی دەکات، بەجۆرێک بەدەست تەنیاییی گیری خواردووەو تووشی هەڵچوونی دەروونی کردووە. ئەو وشانەی بەکاریهێناوە گوزارشت لەو دۆخە بێزاریی و نائومێدییەی شاعیر دەکات ،کە چیتر سەبر و ئارامی نەماوە و لەدەست تەنهایی نەگەیشتن بە خۆشەویستەکەی بی وەڵام ماوەتەوە وەک دەڵێت:

ئاخ و داخ و دەرد، لە دەست تەنیایی

پەشێویی بێ حەد، دەردی بێ دوایی

ئەم سەرسامییە

بێ ئارامییە

دڵ ناکامییە

کەی دێ کۆتایی؟

(هەردی،1984، 47)

لە شیعری (رازی تەنیای)ی شاعیر شۆڕبۆتەوە بە ناخی خۆیدا بەجۆرێک رازە پەنگخواردووەکانی خۆی دەردەبڕێت و گوزارشت لە تەنهایی و خەمی دڵی و نەگەیشتن بە خۆشەویستەکەی دەکات کە بۆ ژیانی سەختی خۆی دەیگەڕێنێتەوە و نایەوێ خۆشەویستەکەی خۆی تاوانبار بکات ،کە لە حەقیقەت و ڕاستیدا ئەو هۆکاری خەم و تەنهایی و نائومێدییەکەیەتی شاعیر لە دووری نەبونی ئەودا دووچاری ئەو خەم و ناخۆشی ژیانە هاتووە بەرەو ڕەشبینی چووە ، بە جۆرێک تەنهای وای لە شاعیر کردووە هیچ هیواو ئاواتێکی نەمێنێت و هەست بەهیچ ڕوناکییەک نەکات لە پێشەخۆی تەنها تاریکی و خەم و مەینەت دێنە سەر ریگای وەک دەڵێت:

شەوی تەنیایی، ڕووناکیی چرای ئاواتی، خنکانم

دەسی ناکامی، ئاوازەی دەروونی کەیلی تاسانم

ئەوا ئێستا لەگەڵ زامی
دەروونی پڕ لە ناکامی
ئەپێوم چۆڵی سەرسامی
لە تەنیاییی شەوی ژینا، ئەنێم هەنگاوی کوێرانە!
نییە دەستێ دەرم بێنێ لەناو ئەم گۆڕە وێرانە
نییە جوانێ، سەری کاسم بنێمە سەر دڵی نەرمی
کە هیلاکیی لەشم دەرکا خەوی سەر باوەشی گەرمی
ئەگێڕم چاوی بێ تینم بە تاریکیی شەوا، سەرسام
نییە پرشنگی دوو چاوێ، کە ڕووناکی بکا، ڕێگام
بە غەیری باڵی خەمناکی
شەوی پڕ ترس و سامناکی
نییە یەک تۆزە ڕووناکی (هەردی،1984، 79-80)

لە شیعرێکی تردا شاعیر گفتو گۆ لەگەڵ ناخ و دەرونی پەنگخواردووی دەکات ، بەجۆرێک لەدەست تەنیاییی و نەگەیشتن بە یارەکەی ئاواتی مەرگ دەخوازێ ،چونکە هەموو هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی شکستی هێناوە و لە کۆتایهێنان و لەبیرکردنیشی هەرشکستی هیناوە ، بۆیە هەردی ئاواتی مەرگ دەخوازێ تاکو نەجاتی بێتن لەو خەم و ئازار و مەینەتەی دووچاری بووە ، ئاوات خواستنی مەرگیش لەلای شاعیر هەڵهاتنە لەو ژیانەی تێدا دەژی و ئەو پەڕی نائومێدی و ڕەشبینییە وەک دەڵێت:

وێڵم و تاریکە دەورم، فەرشی ڕێگەم مەینەتە
بێکەسم، تەنیا ئەناڵم، مەرگی خۆمم عەزرەتە
سازی ئاهەنگی شەوانم، سۆزی جەرگی لەت لەتە
هەوڵی زۆرم دا، لە داوی زوڵفی ئەو بێ مروەتە
دەرچم و دوایی بهێنم بەم عەزاب و مەینەتە
پێی وتم بێ سوودە هەوڵت، تاکوو ماوی جێگەتە ! (هەردی،1984، 66-67)

لە شیعری (ئەی دیدە پەری) هەمان دواکاری و خۆشەویستی لە لایەن شاعیر بۆ یارەکەی دەبینرێ شاعیر دەیەوێ بە هەموو شێوەیەک یارەکەی تێبگەینێ کە ئەو جوانییەی ئەو کاتییە و سبەی پیر دەبێ و دەمرێ ،چاکترە واز لەو لەخۆبایی و دڵڕەقییەی بهێنێ بەرامبەری و هەست بە ئازاری ئەو بکات کە لەدووری ئەو چی لێهاتووە ،بەڵام یارەکەی هیچ باکی نییە و بەردەوامە لە دڵشکانی شاعیر وەک دەڵێت:

تا ڕەحمێ بکەی ئێستاکە بەم زام و برینە
سەرکز نەبی لەو جێگە بێ سامانی زەمینە
ئەم چەند قسەیەم وتوە بە تۆ ئێستە بەچاکی
گەرچی ئەشیزانم دڵی بەردت نییە باکی
(هەردی،1984، 52)

لە شیعری (دڵێکی تێکشکاو ) شاعیر دوای نزیکەی (37) ساڵ هۆنراوەکە تەواو دەکات ، کە رابردووی خۆی دەکەوێتەوە یادی کە خەمی بەئاکام نەگیشتن و نائومێدی و ئەوساو بیرکەوتنەوەی ئێستای شاعیری تەواو نائومێد و ڕەشبین کردووە ،بە جۆرێک ڕەشبینییەکەی شاعیر بەردەوامی هەیە بەهەمان شێوەی جارانی لەلای دوای ئەو ماوە زۆرەش برینەکانی جارانی کە هێشتا ساڕێژ نەبووە ئازاری تیا ماوە نەیتوانیووە خۆشەویستەکەی لەبیربکات ، بیرکردنەوەی بەرەو ڕەشبینی بردووە ،ئەو بەئاکام نەگیشتنەی بە هەرەسهێنان و شکست و بەسەرچوونی بەهار ناوی دەبات وەک دەڵێت:

بە سەرسامی لەسەر لووتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم
شریتی عومری ڕابردووم وەکوو خەو دێتە بەرچاوم
شریتی چی؟ سەراپا سەرگورشتەی نائومێدیمە
فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس هێنانی لاویمە
تروسکەی تیا بەدی ناکەم، سەرنجم چەندە لێ داوە
لە تاپۆی نامرادیم و تەمی ناسۆری بەولاوە !
................
هەموو ئەو نیاز و ئاواتەی لە ناو ناخی دەروونا بوو
لە داخی بێ بەڵێنیی ئەو بە جارێ تەفر و توونا بوو
بەڵێ، کاتێ بە خۆم زانی، بەهاری پڕ ئەوین ڕۆیی
خەو و ئاواتی چەند ساڵە و بەڵێنی پێ گەیین ڕۆیی
گەلێکم پشکنی دنیا لە دووی ئەو جووتە لێوەی ئەو
هەزار ئەفسووس! نە ئەو ڕۆژەم بەدی کرد و نە شێوەی ئەو
بەڵێ، ئێستا ئەوەی جێ ماوە بۆ من، یادگارێکە
بەسەرهاتی دڵی ورد و بەسەرچوونی بەهارێکە (هەردی،1984 ،58-63)

له شیعری (شانزه ساڵ چاوەڕوانی ) شاعیر دوای ئەو چاوەڕوانییە زۆرەی لە یارەکەی، هەموو ئەو خەم و نائومێدیی و دەردەسەرییەی هاتۆتە ڕێی ئەو ئازارە دەروونییەی بینویەتی لەدووری و بەیەک نەگیشتنەدا لە کاتی ئاوابونی خۆردا شاعیر چاوەڕێ بووە تاریکی شەو باڵبنێ بەسەر زەوی تاکو ئەویش هەموو ئەو یادگاریانەی تەمەنی خۆشەویستی خۆی لەناو ببات و بیخاتە چاڵی سزاوە ئەمەش دەرخەری ڕەشبینی شاعیرە لەمەڕ ئەو بەئاکام نەگەیشتنە و سەرنەکەوتنەی لە ئەزمونی خۆشەویستیدا وەک دەڵێت:

دوێنێ لەتەک نەمانی سوورایی خۆرنشینا

کە شەو هێواشێ باڵی کێشا بەسەر زەمینا

تۆماری شانزە ساڵی ژیانی خۆشەویستیم

ئاواتی پڕ لە تاسەی دەروون و گیانی برسیم

بە جارێ نایە چاڵی ژیانی پڕ سزاوە

کە شەوقی چەندە گەنجی هەژاری تیا ڕزاوە !   (هەردی،1984، 64)

له شعری(شۆڕشی نائومێدی) شاعیر تەواو نائومێد و دڵ شکاو دەبێ نایەوێ چیتر چاوە فێڵاوی و مەکر و نازەکانی یارەکەی ببینێ بە گوڵێکی بێ بۆنی جوان وەسفی دەکات، کە تەنها شاعیری فریو داوە و خەمباری کردووە بۆیە هانا بۆ ستەمکارێک دەبات تا یارەکەی لەبەرچاوی لادات و لەژیاندا نەیبینێتەوە ، بێگومان ئەو هانا بردنەی شاعیر بۆ ستەمکارێک تا لە داوی خۆشەویستەکەی رزگاری بکات ئەو پەڕی ڕەشبینی شاعیرە کە هیچ هیوایەکی تێدا بەدی ناکرێت وەک دەڵێت:

دەبا دەستی ستەمکاری

ژیانی پڕ لە زۆرداری

لە یادا بیسڕێ شێوەت لە یادی ژین و گەردوونا

بەبێ ڕەحمانە غەرقی کا، لە بەحری قووڵی ونبوونا

ونی کا با لە بەر چاوم، نیگای چاوانی فێڵاویت

گوڵی بێ بۆنی جوانیت و بزەی سەر لێوی ژەهراویت

بە تاپۆی یادگاری تێکشکاوی بێ سەر و پێوە

بە دڵداری عومری کورت و شەوانی جوانەمەرگێ  (هەردی،1984 ،56- 57)

**ئەنجام:**

1- سیمای ئاشکرای شیعری نوێ خۆی دەبینێتەوە لە گوزارشتکردن و دەربڕینی ڕاستگۆیانەی خەم و پەژارە و ناخۆشی ناوەو و ویژدانی شاعیر ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باردۆخ و هەڵ ومەرجەی لە شیعری نوێدا رەخساوە کە شاعیر بێباکانە نهێنییەکانی ناوەوەی ناخی بدرکێنێت وەکو کەسێکی رۆشەنبیر خەمەکانی داڕشتووە لە شێوەی شیعردا.

2- ئەو پاڵنەرانەی کە هەستی ڕەشبینی لەلای هەردی دروستکردووە گڕوتینی زیاتری پێداوە ،یارمەتی زیاتری داوە تا ئەو هەست و سۆزەی دەروونی دەربڕێ، دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری رۆمانسیزمی عەرەبی و ڕەشبینیی شاعیرەکانیان و کاریگەربونی هەردی پێیان بەتایبەتی شاعیرانی(کۆمەڵەی مەهجەر و ئەپۆلۆ).

3- ئەحمەد هەردی لە ژیانی دا دووچاری گەلێک هەوراز و نشێو کارەساتی جەرگبڕ هاتووە هەر لە مردنی کەسە نێزیکەکانی ، بەتایبەتی مردنی کوڕە گەورەکەی بە روداوێکی کارەساتبار، بەهۆی بیروباوەڕە سیاسی و نیشتمانپەروەرییەکانی توشی ئاوارەیی و زیندانیکردن و هەڕەشە و دورخستنەوەو لە کار و نان بڕاوی دەردەسەری زۆر لە ژیانیدا هاتووە، لایەنێکی تر پەیوەستە بەو ژینگە و هەڵومەرجە بابەتییەی خودی مرۆڤ وەک بوونەوەرێک تیایدا دەژی، تایبەتیش بۆ نەتەوەیەکی وەک ئێمە، کە هەمیشە لە نێو کارەسات و تراژیدیاکان ژیاوین. ڕەنگە هەموو ئەو هۆکارانە کەم نەبێت لە دروستکردنی هەستی ڕەشبینی لە ژیان و شیعرەکانیدا.

4- بەئاکام نەگەیشتن لە خۆشەویستی دا بە کاریگەترین ئەو هۆکارانە دادەنرێت کە هەردی تووشی ڕەشبینی کردووە ، ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەریەش لەتەنهایی و نامۆیی و نائومێدی هەست و سۆز و هەڵچوونە دەروونییەکانی بەدەردەکەوێتن ،دەتوانین بڵێین بۆتە هەوێن و سەرچاوەی خەمەکانی و نائومێدی و ڕەشبینیەکەی.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردی:


ـ بەرزنجی ، عەلی تاهیر،(2008)، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا ، چاپخانەی چوار چرا ، سلێمانی .

ـ بێکەس، شێرکۆ،(2000)، ئەحمەد هەردی شیعری کاکڵ و چرایەکی کوردایەتی ، گۆڤاری ڕۆڤار ، ژمارە 7، سلێمانی.

ـ حەویز ، سروشت جەوهەر،(2010)، تازەکردنەوە لە شیعرەکانی ئازاد دڵزاردا، نامەی ماستەر ،کۆلێژی زمان ،زانکۆی سەلاحەدین.

ـ ڕوانگە ،(2013)، هەرسێ ژمارەکەی گۆڤاری ڕوانگە، دەزگای سەردەم ، سلێمانی.

ـ ساڵەیی، عەدنان ،(2019)، ژەنەڕاڵی پایز خوێندنەوەیەکی دەروونشیکاری ،چاپخانەی چوارچرا ،سلێمانی.

ـ سلیمان ،هانی،(2011)، دەروونزانی گشتی، و. ئاماج محمد،چاپی سێیەم ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

ـ شیرین.ک ،(1979)، هەردی و دڵداری ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە 74،بەغداد.

ـ عەبدولواحد،ئازاد،(2004)، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ شاعیری بەناوبانگ ئەحمەد هەردی، گۆڤاری رامان، ژمارە 86-87، هەولێر.

ـ عەبولا، پێشڕەو ،(2013)، دەروونشیکاری شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر.

ـ غەفور، شنۆ ئەحمەد، (1998)، بنیاتی هزری و هونەری لە شیعرەکانی (صابری) دا ، نامەی ماجستێر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر.

ـ فرۆید، سیگموند،(2010)،و.حمە رشید حەسەن، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

ـ کاکەی فەللاح، حمە حمەئەمین قادر،(1987)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد ،بەغداد.

ـ گەردی، سەردار ئەحمەد ،(2005)، ڕۆمانسیەتی هەردی و کاریگەری کۆمەڵەی ئەپۆلۆ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە 16، سلێمانی.

ـ ماردن، ئۆرایزن سویت،(2008)، و:ڕێباز مستەفا،سەرکوتنی بیر،چاپخانەی سلێمانی ،سلێمانی.

ـ هەردی ،ئەحمەد حەسەن عزیز،(1984)،ڕازی تەنیایی (دیوان) ، چاپی دووەم ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر.

ـ هەردی، (1989)،هەردی شاعیر بۆ نووسەری کوردستان دەدوێ، گۆڤاری نوسەری کوردستان، ژمارە 16، سەقز.

ـ هەردی،(1943)، لە هەر مەیانێکا تاوێک ، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (5)ی ساڵی(4)،سلێمانی.

ـ هەردی،(2000)، چاوپێکەوتن شاعیر ئەحمەد هەردی، رۆژنامەی کوردستانی نوێ،ژمارە 2122، 4/17/،2000سلێمانی.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

ـ اسماعيل، عزالدين ،(1963)،التفسير نفسى للادب، منشورات دار المعاريف ، بيروت،(1963).

ـ الانصاري،بدر محمد ، (1998)،التفاؤل والتشاؤم المفهوم والقياس وامتعليقات ،مطبوعات جامعة الكويت ،كويت.

ـ طه ،علي محمود ،(2012)، ديوان،مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة مصر، القاهرة.

ـ عبدالدائيم ،عبدالله،(1966)، الشعر و الحلم ، مجلة الشعر سورية، ديمشق.

ـ علي... ،د.محمد علي،(1984) ،د.محمد ابراهيم ، د.عبدالستار،د.سلوى عبدالحمن، دراسات في سلوك الانسات ، دار القاهرة.

ـ فرويد،(1981)،والطبية الانسانية، ت.عدنان عبدالرحيم،دار الحقائق، بيروت.

ـ ناجي، ابراهيم ،(1980)، ديوان شعرى ابراهيم ناجي ،دار العودة ، بيروت.

ـ هيلال،محمد غنيمى،(1981)، الرومانتيكية، طبعة 6 ، دار العودة ، بيروت.

**سەرچاوەی فارسی:**

ـ بالی، علی ،(1397)،بررسی زمینه‌های جامعه شناختی نومیدی و بدبینی در اشعار دهه سی اخوان ثالث،جامعه پژوهژی فرهنگی، پژوهژگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی ، فصل نامه علمی – پژوهژی ،سال نهم ،شماره چهارم(1-24) .

## Index Of Published Research

### Quranic Sciences Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effects of Contemporary Atheism on Societal Life and Ways to Prevent It | Taghlub Khalil Ibrahim<br>Prof. Dr. Muhammad Khalil Ibrahim | 1-45 |


### Psychological and Educational Sciences Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effect of the Dual-Situation Learning Model (DSLM) on the Achievement of Fifth-Grade Literature Students in the Holy Quran and Islamic Education Subjects and the Development of Their Systematic Thinking | Ali Assistant Lecturer Hussein Abdullah Ibrahim | 46-76 |
| 2 | The impact of the aquarium strategy in the processing of fifth grade students ' literary information in the history subject and the development of their lateral thinking. | Dr. Ismail Hammash<br>Jassim | 77-113 |


### Geographical Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The effect of dams on sustainable rural development, a case study of the Shian Dam, Kermanshah province, Iran | Aeizh Azmi<br>Asst. Lect. Dedar Aswad Ali<br>Asst. Lect. Taeb talb hamakhan | 114 -141 |

## Historical Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The scientific output of the scholars of the Maghreb and Andalusia in the field of authorship through the book “Deaths of Notables and News of the Sons of Time” by Ibn Khallikan (d. 681 AH/1282 AD) | Sahera Fadel Awad Shasho<br>Prof. Dr. Azal Ibrahim Hussein | 142-183 |
| 2 | British Policy Towards Egypt, 1914–1936<br>A Historical Study | Asst. Lect. Medhat Hammash Jassim | 184 - 211 |
| 3 | The Pollution Of The Shatt Al-Arab Waters By The Oil Of The Anglo-Persian Oil Company And Its Impact On Ottoman-British Relations Before World War I: A Study Through Documents. | Aedan Shabib Salim AL-Sabahy | 863-885 |


## Turkish Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Analysis of The Poem “Our Old Mansion” By Nesrin Erbil | Elaf Salar Anwar<br>Asst. Prof. Goran Salahattin Şükür | 212-236 |
| 2 | A Comparative Study Between Turkish and Kurdish Proverbs | Asst. Lect. Iman Azad SADEQ | 237-257 |
| 3 | A Research On Sultan Muzafereddın Gökbörü’s Hıstorıcal Contrıbutıon To The Erbıl Regıon | İnas Salar Enver<br>Dr. Naznaz Bahjat Tawfeq | 258 -272 |
| 4 | Dverbial Participle Suffixes In Turkish And The Behdini Dialect Of Kurdish | Halabshima Mohammed Shareef<br>Assit.Prof. Dr. Karwan Salahalddin Shukur | 273- 298 |
| 5 | A Comparison of Consonants between Turkish (Turkey Turkish) and Iraqi Turkmen Turkish (Erbil Dialect) | Zaınab Sadeq Saber<br>Assist. Prof. Dr. Hazım Burhan Mustafa | 299-327 |
| 6 | Socıal And Moral Degradatıon In Rıza Çolakoğlu’s Poems | Naznaz Adnan Semin<br>Assist. Prof. Goran Salahattin Şükür | 328-364 |
| 7 | A Socıo-Polıtıcal Study On | Huda İbrahim | 365-389 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | Kemal Beyatlı’s “Mecehamal” Story | Assist. Prof. Dr. Goran Salahattin Şükür | |


## Arabic Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effect of the Dual-Situation Learning Model (DSLM) on the The effect of the active learning-based letter box strategy on developing reading skills among second-grade primary school students | Dr. Ali Ahmed Hussein Hamad Al-Sabaawi | 390-429 |


## English Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Philip Ridley’s Dystopian Gothic: Childhood Trauma And The Post-9/11 World | Ala'a Muwafaq Mustafa AL-Khazraji | 430-457 |
| 2 | The Theme of Wasteland in Allen Ginsberg’s “Howl” | Assist. Prof. Hussein Kadhum Challab | 458-472 |


## Kurdish Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The origin of Linguistic Ideology in the Structure of the Kurdish Language | Asst. Lect. Edris Hamamurad Majid Prof.Dr. Karwan Omar Qadir | 473-500 |
| 2 | Rebellion in then Poems of (Abdulla Pashew) | Ahmed Sadeq Khorsheed Assist. Prof. Dr. Izzadin Saber Mohamed | 501-524 |
| 3 | Social Issues and Problems " in the Novels of Ata "Muhammad | Wrya Burhan Noori Assit. Dr. Ashti Hussein Arif | 525-548 |
| 4 | Reflection of mental conflict in Bakhtiar Ali’s novel (Palace of Sad Birds) | Avin Abdulqadir Khalifa Assit. Prof. Kwestan Jamal Salam | 549-652 |
| 5 | Causes of Pessimism in Ahmad Hardi’s Poetry | Amjad Rahman Qadir Prof. Dr. Sardar Ahmad Gardi | 653-582 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 6 | Language processing in a bilingual mental lexicon | Dr. Bakhan Sarhad Abdulrahman<br>Dr. Tanya Ismael Hama Amin | 583-624 |
| 7 | Praise in the Kurdish poems of Sheikh Raza Talabani | Jegr Qadir Omer<br>Prof. Dr. Sardar Ahmad Gardi | 625-681 |
| 8 | The elements of place and unfamiliar in both (The red palace ) and (a child on the moon) the novel of (Hiwa kader) | Rebaz qadir yaseen<br>Prof. Dr. Mahdi Fatih Omar | 682-713 |
| 9 | Language acquisition and learning in children in the Sulaymaniyah and Hawrami dialects | Salm Hassan Aziz<br>Prof. Dr. Baker Omer Ali | 714-750 |
| 10 | Learning a Second Language Through Mental Imagery English as an Example"" | Prof. Dr. Abduwlwahid mushir Mahmood<br>Dr. Rezhna saefaddin hasan | 751-777 |
| 11 | New Historicism Criticism and Its Application in Miran Abraham's Novel Nishtmani sara | Kanyaw Bakr Abdulla<br>Prof. Dr. Shno Muhammed Mahmwd | 778-807 |
| 12 | The Naming process in the Preservation Kurdish Language | Hemin Qadir Mahmood<br>Assist. Prof. Dr. Mustafa Raza Mustafa | 808-862 |

Issued by the College of Education for Human Sciences, Kirkuk University

# Kirkuk University Journal for Humanities Studies

A peer-reviewed quarterly journal from the College of Education for Humanities, University of Kirkuk

A quarterly magazine issued by the
College of Education for Human Sciences
Kirkuk University

issn 1992 - 1179

Postal address
Iraq/ Kirkuk/ Kirkuk University
P.O. Box: 2281 and Zip Code: 52001

Kirkuk University Journal for Humanities Studies

Volume (20) Issue Two - Part One - September 2025